

## عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:
## لە خوێندنی ئەکادیمیا تەنیا بیرم لەسەر هونەر بوو.. لە کوردستانیش پرۆگرامی هونەریم بە دڵ نییە.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٤ – ٥)

* عەبدوڵلا ڕەسووڵ، یەکێکە لە هونەرمەندە داهێن و هەڵکەوتووەکانی کورد، هونەرمەندێکی زۆر تایبەت و دەگمەنە کە بۆ هونەری شێوەکاریی کوردی مایەی سەربەرزی و شانازییە. ئەو هونەرمەندە کە جێدەستی بەسەر هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندێکی عاشقە هونەرە، هونەر بەناو خوێن و دەمار و مۆخ و ئێسقانەکانیدا ڕۆچووە، بۆیە لە ناو شێوەکارانی کورد بە ئاسانی لێت ون نابێ. ئەو جگە لەوەی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا کەسێکی لێهاتوو و دەسڕەنگینە، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی دەوڵەمەندیشە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئەو هونەرمەندە زۆر لەناو هونەرەکەی خۆیدا قووڵ بووەتەوە، بە هەموو ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی دنیا ئاشنا و شارەزایە و بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە سەبارەت بە هونەرمەندانی لای خۆمان و جیهان و کار و هونەرەکەیان قسەی خۆی هەیە، ئەو هەموو کاتەکانی ژیانی بۆ هونەرەکەی و کارکردنی بەردەوام تەرخان کردووە، بۆیە ئەم هونەرە باڵا و ئاستە بەرزەی پێی گەییوە، بەرهەمی عیشق و خولیایەکی سەرشێتانەیە، بە دیار هونەرەکەیەوە شەونخوونی کێشاوە و بێ هەدادان کاری کردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەشی بەرئەنجامی متمانە بەخۆبوون و تێڕوانین و ئەزموونێکی قووڵە کە هەروا بە ئاسانی بە دەستی نەهێناوە، بەڵکوو بەری ڕەنجی هەموو ژیان و تەمەنیەتی، ئەوەتا خۆی دەڵێ: (هونەر

كەمێكت ناداتێ، تاكوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هونەر كردووە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاك و خوڵی وڵاتەكەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو كەرستەیەی لەبەردەستدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بكا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم كارانەی كردوویەتی، دایك و باوكی ڕێگرییان لێ نەكردووە، بەڵام لەناو كەسوكارەكەیدا تاك تاك هەبوون بە كارەكانی سەخڵەت دەبوون و بە دروست كردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان كردووە دەست لەو كارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، لەسەر كاری خۆی بەردەوام بووە و كۆڵی نەداوە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی كردووە.

* لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە كە مامۆستاكانی، وێنەكانی ئەویان وەك هۆیەلی ڕوونكردنەوە بۆ پۆلی یەك و ئەلفبێكەی باڵدار بەكار هێناوە. خەونی زۆری هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چاوی لە پێشخستنی هونەرەكەی و پێشكەوتنی زیاترە، چونكە ئەو لەو هونەرمەندانەیە كە سەرومڕ ژیانی خۆی بۆی تەرخان كردووە، خولیا هونەرییەكەی لەسەرووی هەموو شتەكانی دیكە، تەنانەت خۆشییەكانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێكدا، لە هەر كوێ بووبێ كاری كردووە و لە هونەرەكەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی زیاتری هونەرەكەی شەو و ڕۆژی لێك گرێ داوە، تا ئێستا من زۆر كەم ڕێكەوتی كەسێكم كردووە وەك ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەكەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەكەی كردبێ.

ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر



عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان كردووە و هەموو كاتەكانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر كردووە، چونكە هەست دەكا ئەوەی تا ئێستا كردوویەتی، لە ئاستی خەون و ئاواتەكانی ئەودا نین، لۆركا دەڵێ هێشتا شیعرێكم نەنووسیوە وەك شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەویش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە كەفوكوڵی دڵی خۆی پێ دابمركێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەكەی بۆ میللەتەكەی تەرخان كردووە و هەرگیز لە تراژیدیاكانی دوور نەكەوتووەتەوە، چونكە هونەرمەندێكە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە كارە هونەرییەكانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ڕەنگ و تەكنیك و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ كردووە. لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەكاندا، لە هەر قۆناغێكی ژیانیدا، درۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەكردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەكەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە بەردەوام بۆ نوێخوازی هەوڵی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و خەون و دنیابینی و دەربڕینەكانی ڕاستگۆیانە كاری كردووە، بیكاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەك منداڵێكی حەوت ساڵان وێنە بكێشم، ئەم هونەرمەندەش ویستوویەتی ئەو منداڵەی لە

ناخیدایە، وەک خۆی بمێنێتەوە و گەورە نەبێ. ئەو کە لە جیهانێکی پڕ لە ژاوەژاو و ئاژاوە و ئاڵۆزدا دەژی، بەدوای ژیانێکی هێمن و ئارام و سەقامگیردا دەگەڕێ، بۆیە لە تابلۆکانیدا زۆر ورد و پشوودرێژانە کاری کردووە، بە لێکۆڵینەوەی زۆرەوە هەوڵی داوە بچێتە نێو ناخی مرۆڤەکانەوە و خەمە سەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێزی و نامۆ بوون و تەنیایی و غەم و ترس و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و وردبوونەوە و ڕامان لە ئایندەی کردووەتە بابەتی تابلۆکانی و بەرجەستەی کردوون.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ زۆر بە خاک و خەڵک و وڵاتی خۆیەوە نووساوە، هەر لەو ڕۆژەوەی فامی کردووەتەوە، وەک کەرستەیەک مامەڵەی لەگەڵ خۆڵ و قوڕ کردووە و کەوتووەتە دروستکردنی باڵندە و ئاژەڵ، پێوەندییەکی گیانی بە گیانی بەهێزی لەگەڵ خاک و خۆڵی نیشتمانەکەیدا پەیدا کردووە، بەو هۆیەشەوە بە خاکەکەیەوە بەستراوەتەوە و سەمەندەرئاسا لە پێناویدا سووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو پێوەندییە گیانییە لەلای پتەوتر و بەهێزتر لە هونەرەکەیدا خۆی نواندووە، چونکە پابەندی و پێوەندی بە خاک و خۆڵەوە، تەنیا بەشێک لە یادەوەری و ڕابوردوو نەبووە، بگرە لەگەڵی ژیاوە و گەورە بووە و لە ویژدانیدا ماوەتەوە، تەنانەت بووەتە ڕەگەزێکی گرنگ و جەوهەری کارەکانی، بەڵکوو بەشێکی زیندووە لە جیهانبینی هونەریی ئەو، کە بەبێ ئەو ئامادە بوونە، هەستی بە تێکچوونی هاوسەنگیی خۆی کردووە، چونکە لە هەر کوێ بووبێ، نیشتمانی بە کۆڵی خۆی داداوە و لە یادەوەری و زەین و ویژدانیدا هەڵی گرتووە و لێی دانەبراوە، بۆیە هەرگیز لەلای کاڵ نەبووەتەوە.

* لە پاڵ کاری بەردەوامی لە بەرهەمهێنانی هونەرێکی جیاواز، وەک پەروەردەکارێکیش لە ساڵی خوێندنی ١٩٧٩- ١٩٨٠ـەوە، یەکەم جار لە شەقڵاوە کە سەرەتای دامەزرانەکەی لەوێوە دەستی پێ کردووە، دەبێتە مامۆستای هونەر، پاشان بەهۆی ئەوەی بڕوانامەی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای هەبووە، دەبێتە یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی. دواتر وەک سەرۆکی لقی ڕەسم و مامۆستا لەو پەیمانگەیەدا، ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦/٦/٢٨ دەست بەکار بووە. لە بریتانیاش لە ١٩٩٦- ١٩٩٧ بڕوانامەی وانەبێژی وەرگرتووە، وانەی بە قوتابیانی کۆلێژی هونەری ئەوێ وتووەتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٥، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر دامەزراوە، تا لە ساڵی ٢٠١٥، ڕۆژی خانەنشین بوونی، لە کاری پەروەردەیی بەردەوام بووە، لە هەموو ئەو جێیانەدا بە دەیان و سەدان قوتابی لەسەر دەستی ئەو هونەریان خوێندووە و خۆشویستووە و لەبن دەستی پێگەییون و دەرچوون.

* لەبەر سادەیی و ساکاریی و خاکێتی خۆی، لەناو ناوەندەکانی خوێندنی هونەری، هەروەها لە ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسێکی شیرین و خۆشەویستە، تا ئێستاش کە خانەنشین بووە، قوتابییەکانی زۆریان خۆش دەوێ و ڕێز لە خۆی و هونەرەکەی دەگرن، ڕێزەکە لەلایەک هی کەسێتی پاک و سەنگین و ڕاستگۆیانەی ئەوە، لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەروبەر و ناوەندە هونەرییەکە، لەلایەکیش ڕێز گرتنە لە ئاستی هونەرە باڵاکەی کە خاوەنی ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، بەردەوام کاری نوێ و نوێخوازانەی خۆی پێشکەش کردووە و پێشکەش دەکات. ئەم هونەرمەندە دانسقەیە دنیایەکی تایبەت بەخۆی هەیە، نە خۆی و نە هونەرەکەی بە هیچ هونەرمەندێکی دیکە

ناچـن کـە مـن لـە ژیانمدا لـە نزیکـەوە دیومـن و ناسیومن، ئـەو تـا بڵێـی کەسـێکی هەسـت ناسـک و هەسـتیارە، لـەو کاتانـەی مـن بـە گەرموگـوڕی گفتوگـۆم لەگەڵـی دەکـرد، لـە زۆر هەڵوێسـت و گێڕانـەوە و قسـە و باسـدا، بەبـێ ویسـتی خـۆی فرمێسـک دەزایە چاوەکانی. ئـەو هونەرمەنـدە کـە ماسـییەکی گەورەیـە لـە ئاوێکـی بچووکـدا مەلـە دەکا، تـا ئەمـڕۆ کـە دەکاتـە زیاتـر لـە ٦٠ سـاڵ کار کردنی بـێ پسانەوە، بەپێـی پێویسـت نرخـی نەزانـراوە، نازانـرێ ئـەوە چ گەوهەرێکـە لەنـاو هونـەری کوردیـدا هەڵکەوتـووە، زۆر کـەم لەسـەر کار و بەرهەمەکانی نووسـراوە، یـان زۆر سـەرپێی و کـورت و ڕووکەشـانە دیمانـەی لەگـەڵ کـراوە، تەنانـەت ژیاننامەکەشـی کـە لـە چەنـد شـوێنێکدا بڵاوکراوەتـەوە، لـە هـەر جێیـەک بـە جۆرێکـە و زانیارییـەکان لـە یەکـدی جیـاوازن.

* وەرنەگرتنـی لـە پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا، لـە پـاش تەواوکردنـی خوێندنـی ناوەنـدی بۆی بەخێر گـەڕا، ئـەو لەسـەردانی بـۆ بەغدا، لەبـەر تەواونەبوونـی ڕەگەزنامـە عێراقییەکـەی، فایلەکەیـان لـێ وەرنەگرتـووە، ناچـار بـووە بگەڕێتـەوە هەولێـر و بچێتـە ئامادەیـی بخوێنـێ، لـەوێ بەسـەرکەوتوویی ئـەو قۆناغـەی بڕیـوە. لـە کاتـی پێشـکەش کردنـی داواکاری بـۆ وەرگرتنـی لـە ئەکادیمیـا، بەهـۆی ئـەو کارە هونەرییانـەی لەگـەڵ خـۆی بردوونـی، کاری دیکەشـی کـە بـە سـەرکەوتوویی لەپێـش چـاوی مامۆسـتاکانی کردوویەتـی، لـە تاقیکردنـەوەی وەرگرتن نمـرەی یەکەمیـی بەدەسـتهێناوە، هەرچەنـدە بـۆ وەرگرتنەکـەی تەشـقەڵەی پشـتگیری ڕێکخراوەکانـی سـەر بـە ڕژێمـی لـێ دەکـەن، بـەڵام ئاسـتە بـەرزە هونەرییەکەی سـەرنجی مامۆسـتایانی لیژنـەی وەرگرتن ڕادەکێشـێ، هـەر ئـەوەش فریای کەوتـووە، لـەو چـوار سـاڵەی خوێندنیشـیدا قوتابییەکـی سـەرنجڕاکێش و لـە هونـەردا تـاک و تایبەتمەنـد بـووە. سـاڵەکانی خوێندنـی لـە ئەکادیمیـا زۆر چـالاک بـووە، لەگـەڵ هـاوڕێ قوتابییەکانـی بەشـداری لـە دوو پێشـانگەی هاوبەشـدا کـردووە، پێشـانگەیەکی تایبەتیشـی بـۆ هێڵکارییەکانی خـۆی کردووەتـەوە کە نزیکـەی (٤٠٠) هێڵـکاری بـوون و لـە هۆڵـی ئەکادیمیـادا نمایـش کراون، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بـە یەکەمـی بەشـەکەیان دەردەچـێ.

* وەک یەکێـک لـە دامەزرێنەرانـی پەیمانگـەی هونـەرە جوانەکانـی سـلێمانی، ڕۆڵـی بەرچـاوی لـە پێگەیاندنـی قوتابیانـی هونـەر گێـڕاوە، بۆیـە هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنـی پەیمانگـەوە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ دەچێتـە سـلێمانی، چونکـە ئەوسـا کردنـەوەی پەیمانگـە خەونـی ئـەو و سـەدان هونەرمەنـدی کـوردی هەمـوو بوارەکانـی هونـەر بـوو، دوای (٦) سـاڵ خزمـەت کـردن، دیسـانەوە تەشـقەڵەی پـێ دەکـەن و هـەر ڕۆژەی بیانوویەکـی پـێ دەگـرن، ئـەو سـەردەمە گوشـار لەسـەر هەموو هونەرمەندانـی کـورد هەبـوو، ئەویـش گوشـاری زۆری لەسـەر بـووە، وەک هەمـوو هونەرمەندەکانـی سـلێمانی ڕژێـم هەڵیانـی دەپێچـا و تەنگاویانـی دەکـرد، دەیویسـت بـە چـاو سـوورکردنەوە و هەڕەشـە لـێ دەکـردن وێنـەی دیکتاتـۆر بکێشـن، لـەو کاتـەدا کـە ئـەوان داوا و داخوازییـان لێـی زۆر دەبـێ، شـەڕی (عێـراق — ئێران)یش بـووە، ئیتـر بیـر لـە جێهێشـتنی وڵات دەکاتـەوە و بـەرەو ئێـران، دواتـر سـوریا، دوایـی بـۆ بریتانیـا دەڕوات.

* لـە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکـەی (١٧) سـاڵ لـە لەنـدەن دەگیرسـێتەوە، کـە گەیشـتووەتە ئـەوێ پتـر بـە داهێنـان و هونـەر و ڕێبازەکانـی لـە بەریتانیـا و وڵاتانـی ئەورووپـا ئاشـنا دەبـێ. زۆرجـار ڕووبـەڕووی ئـەو پرسـیارە دەکرێتـەوە کـە ئـەو چووەتـە بریتانیـا بۆچـی ماسـتەرێک، دوکتۆرایەکـی وەرنەگرتـووە؟ ئـەو دەڵـێ لەبـەر ناشـارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی

و دەستكورتی نەیتوانیوە خۆی بۆ خوێندنی باڵا تەرخان بكات، زۆرجاریش پێیان گوتووە تۆ كە هونەرێكی ئاست بەرز و جوانت هەیە، ماستەرت بۆ چییە و بۆچی دەخوێنی؟ دیارە ئەویش ئەو قسەیەی دەوروبەرەكەی لە گوێ گرتووە و نەیخوێندووە، لە جیاتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، بە گەرمی سەرقاڵی ئیشی خۆی بووە و هێڵكاری و مۆتیڤی زۆری كردووە، كە هونەری هێڵكاری بە ڕەگەزێكی بنەڕەتی هونەری وێنەكێشان دادەنرێ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ كە زۆر زوو دەستی داوەتە كاری هونەری، قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرەكانی كردووەتە پێشانگەی تایبەتی، یان لە پێشانگەی هاوبەشدا لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەكانی بەشداری كردووە، كە ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لە ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی بەغدا وەردەگیرێ، ئەم خوێندنە بۆی دەبێتە وەرچەرخانێك و سەرلەبەری ژیانی هونەری دەگۆڕێ. هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، زۆر پێشانگەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات كردووەتەوە، كە (٦) دانەیان پێشانگەی تایبەتی، (١٤) دانەیان پێشانگەی هاوبەشن، لەو شارانەی پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشی تێیاندا كردووەتەوە ئەمانەن: بەغدا، هەولێر، سلێمانی، دهۆك، كۆیە، كفری، مووسڵ، سوریا، لەندەن.

* لەگەڵ ئەو بەخششە زۆر و زەوەندەی هەیبووە، ئەو داهێنانە زۆرانەی لە كارەكانیدا بەدی دەكرێن، وێڕای ئەوەی ئەزموونێكی دەوڵەمەند و نوێ و بە بڕوێن پێشكەش دەكات و هونەرەكەی كردووەتە مەسەلەیەكی زیندوو لە ژیانی خۆیدا، وەلێ كەمتر وەك هونەرمەندێكی گەورە و دڵسۆزی هونەر و داهێنان دەناسرێ، زۆر بە دەگمەن بەسەر كراوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە. زەینم دایتێ هەموو ئەوانەی لە كایەی ئەدەبیات و هونەری كوردیدا ڕێز لە خۆیان، لە داهێنان و هونەرەكەیان دەگرن، ئیش بۆ خۆیان ناكەن، ڕیكلام بۆ كارەكانیان ڕەت دەكەنەوە، زۆر خۆیان ناخەنە بەر ڕووناكی، ئەوانە كەمتر ڕووناكییان دەخرێتە سەر و دەردەكەون.

* من لەمێژە ئەو هونەرمەندە، چ وەك خۆی و چ وەك ئاشنابوون بە هونەرەكەی دەناسم، ساڵی ١٩٨٠ كە هاتە سلێمانی و وەك مامۆستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەكان دەست بەكار بوو، من و شێرزاد حەسەن دوو ساڵ زیاتر بوو لەوێ بووین، بۆیە كە لە سلێمانی گیرسایەوە، جاروبار یەكترمان دەبینی، هەندێ ئێوارە پێكەوە پیاسەیەكمان دەكرد. لەوەتەی دەیناسم هەر بە پیاوێكی جیددی دیومە و ناسیومە، قەت حەزی بە ڕیاكاری و موجامەلەی درۆ نەكردووە، لەلای هەموو كەس بە مرۆڤێكی ڕاشكاو و ڕاستگۆ ناسراوە، هونەرەكەی خۆی تا ڕادەی عیشق و تا سەر ئێسكان خۆشویستووە، پیاوێكی بە هەڵوێستە، مێژوویەكی گەش و جوان و پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمار كردووە. تابلۆكانی لە واقیعی وڵات و میللەت و سروشتە جوانەكەی هەڵێنجاوە، زۆر سوودی لە كەلەپوور و فۆلكلۆری دەوڵەمەندی میللەتەكەی وەرگرتووە، بەڵام قەت بە زەقی لە كارەكانیدا داینەناون، بەڵكوو زیاتر وەك هێما و ڕەمز بەكار هێناون.

(١٩) ساڵ بوو بە تەمای ئەو گفتوگۆیە بووین، دواجار بە چەند مانگێك و چەندان دانیشتنی دوورودرێژ هەڤپەیڤینەكەمان ساز كرد، بڕیارمان دا چەند بەشێكی لێ بڵاو بكەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە دووتوێی كتێبێكدا چاپی بكەین.. فەرموون ئێوە و جیهانە تایبەت و پاكەكەی هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** وەڵامەکەی چی بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** گوتـی تـۆ زۆر شـەعبی دیـاری، هەمــوو قســەیەک دەکــەی. گوتــم ئاخــر مامۆســتا خۆت دەزانی ئەوانـە لـە پێشـت زۆر پـان دەکەنـەوە، لـە پشـتەوە دژی تـۆن.

**ڕامان:** ئەوەت چۆن دەزانی کە دژی ئەون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن ئـەوەم دەزانـی، چونکـە ڕۆژێـک هەنـدێ لـە قوتابیـان هەوڵیـان دا بـۆ لابردنــی و دەستنیشــانکردنی مامۆســتایەکی دی، منیـش گوتـم ئـەو باشـترە بمێنێتـەوە و شـارەزای بووینــە، لەوانەیــە یەکێکیتــر بــێ خراپتــر بێــت، گوتیــان چونکــە کــوردە بەرگــری لــێ دەکــەی، ئیـدی قسـەمان لەگـەڵ یەکتـر کـرد، لـە پەنـاوە ڕۆژنامەکـەم دایـە دەسـتی، جانتایەکـی گـەورەی هەبـوو، خسـتییە نـاو جانتایەکەیـەوە.

**ڕامان:** بەهـۆی ئـەو پێوەندییە باشـەوە سـوودت لە کتێبخانـە و ئەرشـیڤە دەوڵەمەندەکەی وەرنەگرت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵــێ، گوتــم تــۆ کتێبــی ڕووسـیت زۆرە، دوایـی گوتـی باشـە هەنـدێ کتێبـت بـۆ دەهێنـم، تەماشـایان بکـە، نایلۆنیشـت دەدەمـێ، لەگـەڵ هەندێـک تابلـۆ و تێـپ، کتێبـەکان لـە لای تـۆ بـن، بـەڵام بەرگـی نایلۆنیـان تێبگـرە. گوتـم باشـە ئـەو کارەت بـۆ دەکـەم. دوو جـار بـە جانتـای گــەورەی جلــکان کتێبــی بــۆ دەهێنــام، کتێبــی ڕووســی بــوون.

**ڕامان:** کتێبەکانی بۆ کوێ دەهێنا؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کـە دەهاتـە ئەکادیمیا لەگـەڵ خـۆی دەیهێنـان، منیـش لەگەڵـی سـەردەکەوتم، بـە ئۆتۆمبێـل تـا پێـش بەشـە ناوخۆیـی دەیهێنـان کـە لـە وەزیریـە بـوو، هەنگینـێ پۆلـی دوو بـووم، دوو جـار بـە جانتـای جلـکان هێنـای، بـە نایلـۆن بەرگم بـۆ کتێبـەکان دەکـرد، لەبـن نایلۆنەکـە تابلۆیەکـم دادەنـا و تێپەکەشـم لێ دەدا، کـە دەمزانـی کارم بـە کتێبـەکان نەمـاوە و ئامادەشـن، پێم دەگوت مامۆسـتا ئیشـەکە تـەواو بـووە، دەهـات و دەیبردنـەوە، ئێسـتا لـە کتێبخانەکـەی، ئـەوەی بەرگـی نایلۆنـی تێگیـراوە، ئـەوە مـن بـۆم کـردووە، لـەوەوە پێوەندیمـان خـۆش بـوو، پێشـتریش کـە لـە ئامادەیـی قوتابـی بـووم، دەمزانـی لـە پەیمانگـە مامۆسـتایە.

**ڕامـان:** تـۆ جـارێ کـە لـە پۆلـی یـەک بـووی، باسـی مامۆسـتاکانی دیکەشـم بـۆ بکە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** باسـیان دەکـەم.. سـاڵی ١٩٧٧ م. محەمـەد عارف پێشـانگەیەکی کـردەوە، من ئەوکاتە تـازە بووبوومـە پۆلـی دووی ئەکادیمیـا، هاویـن بـوو، لـە هۆڵـی قوتابخانـەی ئەیووبیـە پێشـانگەی کـردەوە، یارمەتیمــان دا، مــن زۆر یارمەتیــم دا، هۆڵەکــە کاغەزیشــی دەویســت، تۆپێــک کاغــەزی ڕۆژنامــەم هەبـوو، بـە تـۆپ دەمکـڕی، هەموویـم هێنـا، گوتـی تـۆ بیهێنــە خەمــت نەبــێ، مــن دوایــی کاغەزەکــەت دەدەمــەوە، هیچیشــی نەدامــەوە، هەمومــان لــە دیوارەکـەی هۆڵـی قوتابخانـەی ئەیووبیـەدا.

**ڕامـان:** دیـارە کـە لـەو هۆڵـەدا پێشـانگە دەکرایەوە، ئـەو کاغەزانەتـان لـە دیوارەکەی داوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، چونکـە هەمـوو جـارێ کـە پێشـانگەت کردبـاوە، دەبـوو ڕێکـی بخـەی. ئەوکاتـی (کاکەمـەم بۆتانـی)ش لـەوێ بـوو، ڕۆژێـک لـە ڕۆژەکان قسـەمان دەکـرد، گوتـم ئـەوەی لێرانـە لـێ بـدە. گوتـی لـێ بـدە نـا، لـێ بـە! منیـش زۆرم پـێ ناخـۆش بـوو، مـن ئەوکاتـە گوێـم بـەو شـتانە نەدەدا، کامیـان ڕاسـتترە، یـان نـا، بـەڵام قسـەکەم پـێ خـۆش نەبـوو، دوایـی پێوەندیمـان لەگـەڵ م. محەمـەد عـارف بـەو شـێوەیە نەمـا، هـەر ئەوەنـدە بـوو، ئیـدی تـەواو بـوو.

**ڕامـان:** لــە کۆلێــژ چــی دی ڕووی دا شــایانی گێڕانــەوە بــێ و بــە زیندوویــی لــە یادەوەریتــدا مابــێ؟


**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە چواری کۆلیج زۆر شت ڕووی دا، یەکێک لەوانەی تووشم بوو، وانەی «سەقافەی قەومی›› بوو، کتێبەکەم نەبوو، وەرم نەدەگرت، کاتی دابەشکردنی کتێبەکە هەر خۆم دواخست و دوور خستەوە، دوایی گوتم ئێستا من نامەوێ، قەی ناکا. چەند ڕۆژێک دەوامم کرد، خوێندن دەستی پێکردبوو، هەندێ ڕۆژ دەوامم نەدەکرد، لە کاتی تاقیکردنەوەکان کتێبەکەم لە قوتابییەکان وەردەگرت و دەمخوێندەوە و وەکوو ئینشا وەڵامم دەدایەوە و دەمنووسی نیشتمان خزمەت کردن و خۆشەویستی خاک، ئەرکی قوتابی بۆ خوێندن، وایە و وایە و ئەو قسانەم دەنووسی و لە تاقیکردنەوە دەردەچووم، بەڵام نمرەکەم خراپ بوو، هێندێک لە کۆنمرە – مەعەدەلەکەمی کەم دەکردەوە، من گوێم نەدەدایە کۆنمرە.

**ڕامان:** بیرت لەوە نەدەکردەوە یەکەم بیت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڕاستی هیچ بیرم لەسەر ئەوە نەبوو یەکەم بم. من زۆر گرنگیم بە خۆشم نەدەدا، قژم درێژ بوو، تەنانەت کچەکانیش دەیانگوت، ئەوە بۆ گرنگی بە خۆت نادەی. منیش دەمگوت گرنگی چییە، ئەوە نییە ڕەسم دەکەین، قوتابین و کاریشمان وەکوو کرێکار زۆر پراکتیکییە.

**ڕامان:** بۆ تێ نەدەگەیشتی مەبەستیان لە گرنگی بەخۆدان چییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەڵڵا برام زۆر باش دەمزانی، بەڵام قوتابی بووم، لەناو قوڕ و زەیت و ڕەنگ کارم دەکرد. دیار بوو مامۆستا تەماشامی کرد، گفتوگۆمان کرد، گوتی کوردەکان لە چیای ئەلبەوە هاتوون، دوایی گوتی تۆ کەسێکی لاسار و ناڕەحەتی. منیش گوتم نا، هەموو لەبەر ڕژێمەکانە کە ڕەگەزپەرستن، کوردەکان بۆ چیای ئەلب و چیاکانی دی هەڵدێن دەکەن، کە تەماشای



هەولێر، ١٩٧٦، ئۆتۆ پۆرترێت، ٣٢ بە ٣٢ سم، کاری پێش چوونی بۆ ئەکادیمیای هونەرەجوانەکان لە بەغدا.

کردم پرچم درێژ و ئاڵۆزکاوە، گوتی هەستە تۆ کەسێکی زۆر لاساری. قوتابییەکان یەک دووێکیان لەسەریان کردمەوە، یەک دوو کچ بوون، دوایی چاودێرەکە هەستا، کە خەڵکی نەجەف بوو، ناوی محەمەد بوو، دووجار بە زەیت پۆرترێتم کردووە، یەکیانم دا بە خۆی، هەنگی نەمدەزانی شیعە و سوننە چییە، بەڵام پێ دەچوو سۆزێکی لەگەڵ کورد هەبێ، بە گشتی قوتابییەکان لەگەڵم خراپ نەبوون.

**ڕامان:** هەموویان باش بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هەندێکیان ڕەگەزپەرست بوون، غیرەیان دەکرد، لەژێرەوە پاک نەبوون و خراپ بوون، دەنا بە قسە باش بوون، ئیدی لەسەرم هاتنە وەڵام. مامۆستا گوتی باشە دێمە هۆڵی پراکتیکی، ئەگەر لە کارەکانتدا باش بووی، ئەوە قەیناکا لێت دەبوورم، هاتە ژوورەکەمان، هۆڵی م. فایق حەسەن بوو، بینی کارم زۆرە، ئیتر بووە برادەر و قسەی خۆشی

کرد، کە پێشانگەم کردەوە، هاتە پێشانگەکەم.

**ڕامان:** پێشتر گوتت لە ئاکادیمیا پێشانگەیەکت کردەوە، هەر ئەوە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هەر کردنەوەی پێشانگە تایبەتییەکەی هێڵکاری پۆلی چوار بوو.

**ڕامان:** کە گەیشتینە باسی پۆلی چوار زیاتر قسەی لە بارەوە دەکەین.. ئەی لە پۆلی یەک (سەقافەی قەومی)ت خوێند؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** (سەقافەی قەومی) تەنیا لە پۆلی یەک و چوار هەبوو، لە پۆلی یەک پێیان دەگوت (المجتمع العربي) کۆمەڵناسی عەرەبی.

**ڕامان:** ئەدی لە پۆلەکانی دی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە دوو و سێ نەبوو.

**ڕامان:** مامۆستاکە ناوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوی قاسم عیسا ئەلساجر بوو، کەسێکی حزبی بوو. دەفتەرێکی پێشانگەکەم هەیە، لەوێدا ناوی نووسیوە، تەنانەت ئەو قسانەی لەوێ بۆمی نووسیوە، قسەی قەومین. ((لە خزمەتی دەوڵەتی عەرەبی و عەرەبچێتی)) بوون، هیچ پێوەندی بە پێشانگەکەوە نەبوو، لە پۆلی چوار زمانی عەرەبیم باشتر بوو، چاوکراوەتریش بووم، منەتیشم بە بڕوانامە نەمابوو، دەرەوەست نەبووم دەربکرێم، دۆخی عێراق، یان باشترە بڵێم دۆخی کورد لە پۆلی چوار خراپتر بووبوو، لە پۆلی یەک هێشتا دۆخەکە نەگۆڕابوو. لە پۆلی یەک کە ١٩٧٥-١٩٧٦ بوو، هێشتا دۆخی کورد ئەوەندە خراپ نەبوو، عێراق لەگەڵ کورد ئەوەندە خراپ نەبوو، ((جەبهەی وەتەنی)) و ئەوانەش مابوون، هێشتا دژایەتی کورد بەهێز نەبوو، بەڵام کە هاتمە پۆلی چوار دژایەتییەکە بەهێزتر بوو، منیش بێمنەتتر بووم.

**ڕامان:** لەو قۆناغەدا هەستت کردووە لە ئەکادیمیا هەر ئەوەندە زانست و زانیارییە هەیە کە تۆ فێری بووی و وەرت گرتووە، بۆیە بێ منەت بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، ڕێک وابوو.

**ڕامان:** با بگەڕێینەوە پۆلی یەک، بزانین چیتر ڕووی دا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یەک، مامۆستای عەرەبی هاتە ژوورێ، ئەویش وانەبێژ بوو، وانەی عەرەبیمان هەبوو، منیش لە بەشی ئەدەبییەوە چووبوومە ئەکادیمیا، کتێبی ئەدەبیاتم خوێندبووەوە، کە هاتبوومە خوێندنی هونەر، حەزم لێ بوو بابەتەکان تەنیا هونەری بن، هەر بیرم لەسەر هونەر بوو، ئاگام لە هیچی دیکە نەبوو، ئەویش شیعری بۆمان خوێندەوە، شیعری ((بشار بن برد))، گوتی دەبێ دوازدە دێڕی لەبەر بکەن، منیش هەستام قسەم کرد، گوتم مامۆستا دوازدە دێڕ زۆرە، ئێمە زۆربەمان لە ئەدەبییەوە هاتووین و لێرە هونەر دەخوێنین، ئیدی هەر گفتوگۆمان کرد، لە کۆتاییدا گوتم با وەک نموونە دوو دێڕ لەبەر بکەین. کە گفتوگۆ بەردەوام بوو، گوتی ئێستا لەبەری دەکەی یان نا؟ گوتم من لەبەری ناکەم! ئیدی بووە دەنگەدەنگ.

**ڕامان:** پەرچەکرداری ئەو مامۆستایە بەرانبەر بیروڕایەکەت چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو مامۆستایە لە پۆلی یەک منی خست، نازانم بۆچی منی خستبوو، من ئەوەندە خراپ نەبووم، عەرەبییەکەم بۆ نووسین باش بوو، ئیدی منی خست، کە لە خولی دووەم بۆ تاقیکردنەوەکە چووم، زانیم کێ لەسەرم چاودێرە، مامۆستایەکی شانۆ بوو، ناوی ئیبراهیم جەلال بوو، دوایی کە چوومەوە دەوام، دەبینم ناوی من نییە، نەمزانی

دەرچووم، دەرنەچووم، بۆیە چوومە بەش، (ئیسماعیل شێخلی)م دی کە سەرۆکی بەش بوو، گوتم مامۆستا من لە تاقیکردنەوە ئامادە بووم، کەچی ئێستا ناوی من نییە، دەڵێن تۆ کەوتووی! . گوتم چۆن منی خستووە! گوتی تۆ ئامادە نەبووی و دەوامت نەکردووە . گوتم من هاتووم و فڵان مامۆستا لەسەرم چاودێر بوو، قوتابیان منیان بینیوە . کە وام گوت، گوتی بڕۆ دە دەقە، چارەکێکی دیکە وەرەوە . پاش ئەوەی چوومەوە، گوتی بڕۆ دەوام بکە، تۆ دەرچووی، بڕۆ پۆلی دوو.

**ڕامان:** هەروا سووک و باریک گوتی بڕۆ لە پۆلی دوو دەوام بکە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، منیش گەڕامەوە لای و گوتم دەفتەرەکەم دەوێتەوە، بزانم دەفتەرەکەم چی لێ هاتووە و بۆچی منی خستبوو. گوتی دە بڕۆ دەوام بکە، دەرچووی.

**ڕامان:** وانەی مێژووی هونەر کێ پێتانی دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یەک مێژووی هونەری کۆنی عێراقی بوو، وەکوو سۆمەری، ئاشووری و ئەوانی تر، مامۆستاکە دوکتۆر شەمسەددین فارس بوو، کە بە ڕەچەڵەک کوردە، براکەشی نوورەددین فارس لە بواری شانۆ دەینووسی.

**ڕامان:** لەبیرمە لە ناوەڕاستی حەفتاکان ئەو برایەی زۆر وتاری لە بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریی نوێ، بە زمانی عەرەبی دەنووسی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەمزانی بۆ بە کوردی قسەی نەدەکرد؟ وەکوو نەریتی قوتابخانە گوتی ڕاپۆرتێک بنووسن. من قسەم کرد، پێم گوت مامۆستا ڕاپۆرت ئاوا نانووسرێ، وەک قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بچم لەناو گۆڤار و کتێبان زانیاری کۆپی بکەم و دوو سێ لاپەڕە بنووسمەوە . گوتی ئەدی چۆن دەبێ؟ گوتم لێمان گەڕێ تا پاش نیوەی ساڵ لێکۆڵینەوە بکەین، وەک ئەرکێکی جیددی خۆمان بێ و بینووسین. گوتی نا ئەوەی ناوێ، تۆ تەنیا ڕاپۆرتێکم بۆ بنووسە . گوتم ئاخر ئەوە زۆر سوودی نییە . زۆر گفتوگۆم لەگەڵ کرد، گوتی نا دەبێ بیکەی. گوتم من نایکەم. گوتی تۆ کوردی، کوردیش کە دەڵێ نا، یەعنی نا . دوو سێ جار ئەو قسەیەم پێ گوتراوە .

**ڕامان:** ئەویش لە وانەکەی خۆی تۆی خست؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گەنج و خوێنگەرم بووم، سەرلەقاندن و نمرە و دەرچوون و دەرنەچوونم نەدەزانی، من ڕاست و ڕاست دەمویست بە دڵی خۆم بکەم. پێم ناخۆش بوو نەقڵ بکەم، بەڵام لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەم پێ خۆش بوو، ئیدی ئەویش لە پۆلی یەک منی خستبوو.

**لە ئەکادیمیا مامۆستاکانمان دەچوونە ئەورووپا، نوێخوازیی ئەوێ کاری تێدەکردن، کە دەهاتنەوە نەدەزانرا سەرچاوەی هونەرەکەیان لە کوێوە هاتووە.**

**ڕامان:** ئەی دوایی چۆن کێشەکەت لەگەڵی چارەسەر کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** منی خست و لە خولی دووەم دەرچووم.

**ڕامان:** ڕقی لێت هەڵنەگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، دوایی نەمدیتەوە، ئەوانەی وانەبێژ بوون، یان وانەی تیۆریان دەگوتەوە، زۆر پێوەندیمان پێیانەوە نەبوو، من بیرم لەسەر ئەوانە نەبوو، تەنیا بیرم لەسەر فایق حەسەن و هونەرمەندان بوو، بەڵام ناچار بووم بیکەم، چونکە قوتابی بووم.

**ڕامان:** لە پۆلی یەک مامۆستاکانی دیکەت باش بوون؟ ئەوانەی سوودت لێ وەرگرتن کێ

بـوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتا محەمـەد عەلـی شـاکر ڕەنگـی ئاویـی پـێ دەگوتیـن، ئـەوەش هـەر بـە وانەبێـژی هاتبـوو، خـۆی هونەرمەنـد بوو، واتـە هـەر مامۆسـتا نەبـوو، وەکـوو گەلێـک لەوانـەی مامۆسـتای هونـەرن!، بێدەنـگ بـوو، قسـەی نەدەکـرد، بـەڵام بـاش بـوو، دوو کاری ئاویـی منیشـی بـرد، گـەورە بـوون، هیـی کاتـی دەوام بـوون، گوتـی ئەوانـە دەبـەم. جارێـک پێـم گوت مامۆسـتا لـە قوتابیانی پەیمانگـەم بیسـتووە تـۆ کتێبێکـت لەسـەر قوتابیانـی سـۆڤێتی هەیـە کـە ڕەنگـی ئاوییـان کـردووە. گوتـی ڕاسـتە بـۆت دەهێنـم، کتێبەکـەی بـۆ هێنـام. بەڕاسـتی ڕەفتاری هونەرمەندانـە بـوو، زۆر ڕێـزی منیشـی دەگـرت.

**ڕامـان:** ئـەی بـۆ کاری پەیکەرسـازی کارکردنتـان چـۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەشـی پەیکەرسـازی لـە پـۆلـی یـەک زۆر گرنـگ نەبـوو، چـوار سـەعات بـوو، چونکـە پـۆلـی یـەک گشـتی بـوو، وەک ئامـادەکاری وابـوو، بـەڵام لـە پـۆلـی دوو دەکـرا بـە تایبەتمەنـدی، ئێمـە لـە وێنەکێشـان بوویـن، دەکـرا وانەیـەک هەڵبژێریـن، پەیکەرسـازی، یـان سـیرامیک، مـن پەیکـەرم هەڵبـژارد.

**ڕامان:** لە حەفتەیەکدا چوار سەعات بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** بەڵـێ، لـە حەفتەیەکدا چوار سـەعات بوو، لای منیش پەیکـەر لـە ڕەسم نزیکتـر بوو، بۆیـە پەیکـەرم وەرگرت، بـەڵام زۆر پەیکەرمـان نەکـرد، تەنیـا هەندێـک ڕاهێنانمـان کـرد، ئـەوەی کـە چـۆن قـوڕ پـان دەکەیتـەوە و چـۆن سـەرکێک بکەیـن، هـەر تەنیـا ڕیلیـف بـوو، واتـە موجەسـەم نەبـوو، منیـش سـەرکێکم کـرد، لـە مـەلا مسـتەفای بارزانـی دەچـوو. چـووم چا بخۆمـەوە، تـا هاتمـەوە قوڕەکـە نەمابـوو، سـەرەکە جەمەدانـی لەسـەر بـوو، 



بەغدا، ١٩٧٩، لە ڕاستەوە: فایەق حەسەن، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، ئیبراهیم مستەفا.. دانیشتووەکان: ؟، ؟.

کـورد بـوو، مـن بـە خەیـاڵ وێنـەی (مـەلا مسـتەفای بارزانـی)م دەزانـی، ئیـدی هـەر ئەوەنـدە بوو، شـتێکی وامـان نەکـرد.

**ڕامـان:** هونەرمەنـد و مامۆسـتا گـەورەکان لـە پـۆلـی یـەک نەدەهاتنـە لاتـان؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتای وا دەهاتـن کـە موعیـد بـوون، هونەرمەنـدە گـەورەکان نەدەهاتـن، بـۆ نموونـە محەمـەد غەنـی حیکمـەت دەرسـی بـە بەشـی پەیکەرسـازی دەگوتـەوە، قوتابیـی کەرکووکـی لـێ بـوو، ئەوانـە هـەر زوو منیـان ناسـی، یەکێکیـان گوتـی بۆچـی بـۆ ئێـرە هاتووی، تـۆ پێویسـتت بـە خوێنـدن نییـە. منیـش گوتـم بـۆ پێویسـتم بـە خوینـدن نییـە! هاتووم شـتێک فێـر بـم، پـێ دەچـوو ئەوانـە لـەلای م. محەمـەد غەنـی حیکمـەت باسـی منیـان کردبـێ، دەیانویسـت بمبەنـە لای ئـەو بـۆ بەشـی پەیکەرسـازی.

**ڕامان:** هەر ئەو بەشانە هەبوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەشـێکیش هەبـوو پێیـان دەگـوت پـەروەردەی هونـەری، یـان ئامادەکردنـی مامۆسـتایان.

**ڕامان:** ئەدی بەشی دیزاین نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوایی ئەویش کرایەوە.

**ڕامان:** دوای ئەوەی تۆ لە ئەکادیمیا دەرچووی، ئەو بەشە کرایەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، بەڵام بەبیرم نایەت لە پۆلی یەک دیزاین هەبووبێت، دوایی کرایەوە. بەشێک هەبوو پێیان دەگوت پەروەردەی هونەری، ئەوە زیاتر بۆ ئەو کەسانە بوو کە لە چاوپێکەوتن زۆر باش نەبوون، یان لە ڕەسم زۆر باش نین، بەڵام دەیانەوێ وەریان بگرن، دەیانگوت ئەوانە دوایی دەبنە مامۆستای هونەر، مەرج نییە ببنە هونەرمەند. ئەوەی هەوڵی دەدا، ئەوە لەو چوار ساڵەی خوێندن سوودی وەردەگرت و باش دەبوو، لەناو ئێمەش هەبوو زۆر باش نەبوو. خۆت دەزانی ئەوکاتانە واستە هەبوو، کەسانی حزبییان دەنارد، ئێستاش ئەوە هەر هەیە و بەردەوامە، لای خۆمانیش هەیە!

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ فایەق حەسەن پێوەندیت چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پۆلی یەک بووم کە دەچوومە پۆلی فایەق حەسەن، ئەو نەیدەگوت بڕۆ دەرێ، منیش نەمدەگوت فڵان کەسم. بەبیرم دێ چەند جاری لەوێ بووم، خەڵکی دەردەکرد، بەڵام منی دەرنەدەکرد، پێیانی دەگوت بڕۆنە دەرێ، منیش تەماشام دەکرد، بە دەستی دەیگوت تۆ نا، بەڵام پێک ئاشنا نەبووبووین تا بڵێم من فڵان کەسم.

**ڕامان:** پتر بە چاو یەکترتان ناسیوە و بە یەکتر ئاشنا بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو لە ڕێگەی قوتابییەکانەوە منی دەناسی، چونکە هەندێ جار کە ڕەسمم دەکرد، قوتابیان دەچوون پێشانیان دەدا، من کەسێکی شەرمن بووم، خۆم نەمدەبرد. ڕۆژێک چوومە پەیمانگەی هونەر، لەوێ فیستیڤاڵی هونەری هەبوو، بە تەنیا چووم، هەر کە چوومە ژوورەوە م. محەمەد عەلی شاکر لەگەڵ قوتابیان ڕاوەستابوو، ئاوڕێکی دایەوە و گوتی ئەوە ئەوە لە ئەکادیمیا باشترین قوتابییە، کە وای گوت، منیش پێم چەقی، گوتی وەرە، بۆ شەرم دەکەی! چوومە لایان، ئیتر قوتابیان تێم ئاڵان و کەوتینە قسە و پرسیار، مامۆستاکەیان بەجێ هێشت.

**ڕامان:** تۆش حەز بە قەرەباڵغی و ناو خەڵکی ناکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوەڵڵا، زوو بێزار بووم، من حەزم لە قەرەباڵغی و قسە نەبوو، دەمویست بەدزییەوە بۆخۆم تەماشای کارەکان بکەم و بڕۆم، جارێکی دی لەگەڵ م. محەمەد عەلی شاکر لە پێشانگەی فایەق حەسەن یەکترمان بینییەوە، پێشانگەیەکی گەورە بۆ م. فایق حەسەن کرایەوە، لە کاتی کردنەوەی پێشانگەکە لەوێ بووم، ئیشەکانیم پێ جوان بوو، زۆر حەزم لەو ئیشانە بوو، کامێرا و سێپاشی هێنابوو.

**ڕامان:** لەو پێشانگەیەشدا لەگەڵ م. محەمەد عەلی شاکر، هەر قسەتان نەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کە منی بینی، قسەمان کرد، گوتی وەرە لەگەڵم بە، وێنەی هەموو تابلۆکانی (فایق حەسەن)ی گرت، یارمەتیم دا تا هەموو کارەکان تەواو بوون. کارەکان زۆر بوون، لەناو موزەی نیشتمانیی هونەری هاوچەرخ کرا.

**ڕامان:** تۆ مەیلێکت بۆ هونەری فۆتۆگراف هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، کامێراشم نەبوو.

**ڕامان:** ئەی چۆن توانیوتە وێنەی تابلۆکانی خۆت بگری؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو وێنانەی پۆلی یەکم،

بەشی زۆری بۆیان گرتووم، قوتابییەکی خەڵکی (ئیمارات)م لەگەڵ بوو ناوی ئیبراهیم مستەفا بوو، ئەو کامێرای دەهێنا، زۆربەی وێنەکان ئەو گرتوونی. بەشێکیشیان بە کامێرای ڕەش و سپین، دیسانەوە هاوڕێیان کامێرایان هێناوە، خۆم کامێرام نەبوو.

**ڕامان:** لە پۆلی دووی ئەکادیمیا، هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێک ڕووی نەدا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی دوو گۆڕانکاری هاتە پێشەوە، بەتایبەتی لەلایەنی نیگارکێشان زیاتر چڕ بووەوە، پەیکەرسازی نەما، کاری ڕەنگ، بووە ڕەنگی چەور (زەیتی)، مامۆستا وانەبێژەکان کەمبوونەوە، وانەی دارشتن- انشاء زیاد بوو.

**ڕامان:** ئەی مامۆستاکانتان نەگۆڕان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستاکانیش گۆڕان، م. ئیسماعیل شێخلی ‹‹توخمەکانی هونەر - عناصر الفن››ی پێ دەگوتین، ئەو وانەیە لە پۆلی یەکیش هەبوو، تەنیا قسەکردن و نووسینەوە بوو، باسی ئەوەی کە دارشتن چییە و خاڵ چییە و هێڵ چییە و سێگۆشە چییە و ئەوانە بوو، ئەوە پێیان دەگوت ‹‹بنەماکانی هونەر››، یان توخمەکانی هونەر، بەڕاستی شتەکان زۆر بەهێز نەبوون، بەڵام ئێمە وەک وانەیەک دەمانخوێند.

**ڕامان:** گوتت تەنیا قسە و نووسینەوە بوو، ئەی مەلزەمەتان نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، مەلزەمە نەبوو، مامۆستا قسەی دەکرد و ئێمە دەماننووسییەوە، وانەیەک بوو دەبووایە بیخوێنین و تاقیکردنەوەی تێدا بکەین. من تێیدا باش بووم، باشم دەزانی، بەڵام وانەکە زۆر بەهێز نەبوو، هەندێک شت هەبوون دوایی خۆم فێریان بووم. من زۆر لەگەڵ توێژینەوەم، پاشان زانیم ئەکادیمیاش هەر لاوازە. لە پۆلی دوو جیددیتر بوو، بەڵام مامۆستای ڕەنگمان هەبوو، دارشتن و هێڵکاری یەک کەس بوو، دوایی باسی دەکەم.

**ڕامان:** م. فایق حەسەن (ڕەنگ)ی پێتان دەگوتەوە؟ ئەو لەو بوارەدا هونەرمەندێکی گەورە بوو، ناویان لێ نابوو، ‹‹شای ڕەنگەکان - ملک الالوان››.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو وانەکانی پۆلی چواری دەگوتەوە، من دەچوومە پۆلەکەیان، مۆدیلی کردبا، ئیشی کردبا دەچووم، زۆر لەوێ دانیشتووم، کە لە پۆلی یەک و دوو و سێش بووم، زۆر کاری هەیە کە مۆدێلی کردووە، یان پۆرترێتی کەسێکی وەکوو (ئەسعەد عەبدولڕەزاق)ی دەکرد کە ڕاگر بوو، یان عامر ئەلعوبێدی دەکرد کە بەڕێوەبەری مۆزەی نیشتمانی بوو، من لەوێ بووم.

**ڕامان:** دیارە پێی سەرسامی، سوودت لێی وەرگرتووە؟

> **دواجار گەیشتمە قەناعەتێک کە مەرج نییە ئەوەی مامۆستا پێمی دەڵێ، هەمووی ڕاست بێ.**

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، سوودم لێ وەرگرتووە، چونکە کارەکانی جوان بوون، بەتایبەت لە مۆدێلکردن، بەڵام هێشتا نەبووبوومە پۆلی چوار. لە پۆلی دوو ژنێک هەبوو ناوی نیعمەت مەحموود حیکمەت بوو، وەکوو پێشتر گوتم باسی دەکەم، مەبەستم ئەو ژنە مامۆستایە بوو کە ساڵێکم لەگەڵی بردەسەر، سێ بابەتی پێ گوتین، سوودی زۆر زۆر کەم بوو! ژنێکی بەقەڵافەت بوو، ئەوەش ڕەسمی دەکرد، هونەرمەندێکی باش نەبوو، دەیگوت دەرچووی ئەمریکایە، لەناو فرۆکە بووە، فرۆکەکە تێکچووە، ویستوویانە خەڵکی فڕێ بدەنە خوارێ، بە تایبەتی ئەوانەی کێشیان زۆرە، دەیگوت من کێشم زۆر بوو، زۆر ترسام، ئەو قسانەیم بەبیر دێ.

**ڕامان:** قسەکەی زۆر عەنتیکەیە.

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** دەیگوت فڵچەی ددان فڕێ مــەدەن، دەتوانــن پشــتملی کراســی پــێ بشــۆن، بــەڵام هیچ باسـێکی هونەریـم بەبیـر نایـەت.

**ڕامــان:** بەهــۆی ئــەوەی کەمتــر بــەلای هونــەردا چــووە، لەگەڵــی تووشــی مشــتومڕ نەبــووی؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** ڕۆژێــک ئــەو لێــم تــووڕە بــوو، دەیگــوت تــۆ زۆر دەچیتــە لای قوتابییــەکان و قســەیان لەگــەڵ دەکــەی. منیــش پێــم گــوت ئاخــر ســت تــۆ هەڵناســتیتە ســەر پــێ، ئــەو قوتابیانــە دێــن پرســیارم لــێ دەکــەن، چــارم چییــە، چــی بکــەم، زۆربەیــان هاوپۆلــن، پێیــان بڵێــم نەیــەن!

**ڕامــان:** ئەوجــا بۆچــی دەچوویتــە لایــان و دەهاتنــە لات؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** پێــم دەگوتــن ئــەوە وایــە، یــان وا نییــە و ڕێنماییــم دەکــردن، دەســتم لــە کارەکانیشــیان وەردەدا، دەمگــوت دەســتم نەگــرن هــەر دەســتکاریی ئیشــەکانتان دەکــەم، یــان ئەگــەر شــتێکم بدیتبایــە و بەدڵــم نەبووایــە، پەنجەیەکم لێ دەدا، هیــی وا هەبــوو دەیگــوت نــا نــا دەســتکاری مەکــە. دەمگــوت بەخــوا ناتوانــم، وێنــەکاری، یــان نیگارکێشــان پراکتیکییــە، بــە قســەکردن نابێــت. بــە ڕاشــکاوی بڵێــم هەنــدێ لــە قوتابییــەکان پێیــان خــۆش بــوو مــن وانەکەیــان پــێ بڵێــم! ئەگــەر لێمی بپرســیبا، مــن دەســتم تــێ وەردەدا. بەپێــی زانینــی خــۆم پەنجەیەکــم پێــدا دەهێنــا و دەمگــوت ئــاوای لــێ بکــە.

**ڕامــان:** ئــەو مامۆســتایە ئــەوەی پــێ ناخــۆش بــوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، زۆریــش پێــی ناخۆش بــوو، پێــم گــوت ئاخر تۆ هەڵناســتی و هیــچ ناڵێی، ئەوانیــش دێــن لــە مــن دەپرســن، بــەڵام لەگــەڵ ئەو تێکــم نــەدا، هــەر ئــەو جــۆرە قســانە بوون.

**ڕامــان:** تــۆ کەســێکی شــەرمن بــووی، چۆنــە ئەوەنــدە بــە ڕووی مامۆســتاکانت هەڵشــاخاوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، من دەترسام و شەرمیشم دەکــرد، دەمگــوت مامۆســتایە، بــا شــتێک بەرانبــەرم نــەکات. جارێــک هــەر لــە پۆلەکــە تابلۆیەکــم کــرد، مۆدێــل بــوو، کوڕێکــی گەنــج دانیشــتبوو، چونکــە گەلێک جــار خەڵــک دەهاتــن بــە پــارە وەک مۆدێــل دادەنیشــتن، ئەوانــە وەک کرێــکار پارەیــان پــێ دەدرا.

**ڕامــان:** بیســتوومە ژن و منــداڵ و پیــاو دەهاتنــە حەوشــەی ئەکادیمیــا، ئێــوە وەک مۆدێــل بەکارتــان دەهێنــان؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** بەڵــێ، لە حەوشــە دادەنیشــتن، خەڵکــی هــەژار بــوون، دەمانگــوت وەرن ببنــە مۆدێــل، ئەوانــە دەهاتنــە پێــش و دەیانگــوت مــن، مــن، مــن! یەکێکمــان وەک مۆدێــل دادەنــا، زۆرجــار مــن دەچــووم هەڵــم دەبــژارد، ئەوجــا مەرجیشــم هەبــوو، وەکــوو نابــێ بجووڵــێ، دەبــێ تــا کۆتایــی دانیشــێ، ئــەو جــارە کوڕێکــی گەنجمــان دانابــوو، دوایــی ئەکادیمیــا چەنــد دینارێکــی دەدایــە کەســەکە، ئــەو ڕەســمەم پــێ جــوان بــوو.

**ڕامان:** ئەو ڕەسمەت ماوە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەســووڵ:** نەخێــر، ڕۆژێــک دەرســی ڕەنــگ بــوو، چــووم دەبینــم زەیتیــان بەســەر ئــەو تابلۆیــەدا کــردووە و تێکیــان داوە. منیــش بــەوە تــووڕە بــووم، گوتــم بڵێــن کــێ وای کــردووە، ئەگەرنــا قســە دەکــەم! ئاخــری جوێنــم دا، ئــاوڕم دایــەوە دەبینــم م. نیعمــەت مەحمــوود دەســتی دەســووڕاند و دەســتی لــە ســەری دەدا، واتــە ئــەوە شــێتە! یــان عەســەبییە و تــەواو نییــە، کــە دیتــم ئیحــراج بــوو، بــەڵام قســەم نەکــرد، وەک دەڵێــن بەســەر خۆمــدا نەهێنــا.

**ڕامــان:** ئەکادیمیا مامۆســتای بیانییــان نەهێنابوو دەرســتان پــێ بڵێنەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستای بیانی هاتبوون، بەڵام ئەوە لە پۆلی سێ و چوار بوو، ئەرتیمۆفسکی و ژنەکەی هاتبوون کە دوایی باسیان دەکەین.

**ڕامان:** لە پۆلی یەک و دوو مامۆستای بیانیتان نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، نەمانبوو.

**ڕامان:** مامۆستای نوێ لە پۆلی دوو هاتبێتە لاتان کە لە پۆلی یەک دەرسی پێ نەگوتبێتن کێ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** م. نیعمەت مەحموود حیکمەت ڕەنگ و هێڵکاری و داڕشتنی پێ دەگوتین، زۆر خەمم دەخوارد، چونکە هەستم دەکرد ئەو ساڵەم بەفیڕۆ ڕۆیی، هەرچەندە بۆخۆم زۆر خۆم ماندوو دەکرد، بەڵام هیچ سوودم لەو مامۆستایە وەرنەگرت، هەر ئەوەندە بوو مۆدێل دادەندرا، شتێکی لەوە زیاترم نەدی، وێنەکەیم بە قەڵەم و مەرەکەب کێشاوە، هەر لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە، ئێستاش وێنەکەم ماوە. موعیدێک هەبوو ناوی ڕیاز خەیات بوو، بەبیرم دێ ڕۆژێک هات بۆ ئەوەی ڕەنگمان پێ بڵێ، چیتر نەهاتەوە، بە منی گوت یارمەتیم بدە و ئاگات لە قوتابییەکان بێت.

**ڕامان:** چۆن یارمەتی قوتابییەکان بدەی، مەبەستی لەو قسەیەی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بۆخۆم پێم سەیر بوو، من یارمەتی چیی قوتابییەکان بدەم، دیار بوو مەبەستی ئەوە بوو بڵێم تۆ شوێنت ئێرەیە، یان تۆ لێرە دانیشە، تۆش لەوێ بوەستە.

**ڕامان:** سەبارەت بە پۆلی دوو چیت ماوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی یەک وانەی مەنزوور (ڕوانگە) هەبوو، هەروا ڕۆیی و گرنگی پێ نەدەدرا، نازانم کێش مامۆستامان بوو، بەڵام وانەی تەشریح (توێکاری) ئەناتۆمی، ئەوەش هەبوو، هەروەکوو ڕوانگە پشتگوێ خرابوو، ئەوجا ئەوە لە یەک و دوو هەبوو، چونکە پێوەندی بە لەشی مرۆڤ و ڕووتبوونەوەوە هەیە، زۆر زەحمەت بوو هەقی خۆی بدرێتێ. لە پۆلی سێ وانەی مێژووی هونەر کێشەی بۆ دروست کردم، مامۆستاکەمان ژنێک بوو، خۆی شارەزا بوو، ئەوانە زۆریان وانەبێژ بوون.

**ڕامان:** ناوی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وا دێتە بیرم ناوی شەهرەزاد بوو، دیار بوو شتی لەسەر مێژووی هونەری کۆن و ئیسلامی نووسیبوو، پسپۆڕییەکەی لە هونەری ئیسلامی بوو، منیش هونەری ئیسلامیم پێ خۆش نەبوو، حەزم لەو شتانە نەبوو، هەر تەنیا حەزم لەو وانانە بوو کە پێوەندییان بە ڕەسمەوە هەبێت. هونەری نوێ، ئەوەی خۆم حەزم لێ بوو، دەمویست فێری بم.

**ڕامان:** کێشەت لەگەڵ ئەو مامۆستایە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دیسان گوتی ڕاپۆرتێک بنووسن، منیش گوتم با ڕاپۆرت کۆپی نەکەین و ئەو قسانەم کرد، حەزم لە وانەکە نەبوو. گوتی نا، هەر دەبێ بیکەی. گفتوگۆمان کرد، تۆزێک لێم بووە عینادی، دوایی گوتم باشە دەیکەم، نەمویست وەک پۆلی یەک بێزار بم و لە وانەکە بمێنمەوە. هەستم دەکرد هەندێ لە قوتابیان حەزیان دەکرد کێشەم هەبێ و مامۆستا لێم ڕازی نەبێت.

**ڕامان:** دواجار ڕازی بووی ڕاپۆرتەکەت نووسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چووم ڕاپۆرتێکم نووسی، هەمووی وەرگرتن بوو، خۆشم نازانم چیم نووسیبوو، سێ چوار لاپەڕەم نووسی و لەناو فایلێکم دانا، تەنانەت لاپەڕەکانیشم سەراوژێر دانابوو، ناوی خۆم لەسەر فایلەکە نووسیبوو، ڕاست فڕێم دا، گوتم ها! دەرسەکەم لە کۆڵ

بووەوە. ئەوەش کێشە بوو، زۆر نێوانمان خۆش نەبوو، بەڵام مامۆستایەکی هێمن بوو، خراپەی بەرانبەرم نەکرد.

**ڕامان:** باشە کە ئەو هەموو کارە هونەری و هێڵکاری و شتانەت کردووە، ئەوانەت لەگەڵ خۆت دەهێنانەوە هەولێر؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، باوەڕ ناکەم هیچیانم فەوتاندبێ، هەندێک هێڵکاریم داوەتە عەرەبێک، ئەو پۆلی دوای من بوو.

**ڕامان:** ئەو عەرەبە کێ بوو، هونەرمەند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوتابی بوو، ساڵێک دوای من بوو، ئێستا ناوەکەیم لەبیرم نییە، بەڵام لەوانەیە لە دەفتەری پێشانگەکەم شتێکی نووسیبێ، حەوت، هەشت، یان دە هێڵکاریی خۆمم دایێ، دوایی پەشیمانیش بوومەوە، بەبیرم دێ یەکێکیان ئەسپ بوو، هەموویان هێڵکاری ناو بۆرد بوون، سکێچی پێ دەڵێن، هەندێ کەس دەیانگوت ئەوە دەبەم، منیش دەمدانێ، لەوەدا هەڵەم، ئێستا پەشیمانم.

**ڕامان:** ئەگەر لەبیرت بێ، بەرهەمی هونەریی دیکەت کەوتووەتە لای کێی دیکەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** برادەرێکی خۆمان هەیە، هاتە بەشی دیزاین، ناوی (مۆفەق سەلاحەددین)ـە، ئێستا لە سوید دەژی، ئەوە وەک مۆدێل زۆر بۆم دانیشتووە، کوڕێکی زۆر باش بوو، هونەرمەند نەبوو، خەڵکی هەولێر بوو، کۆمەڵێک هێڵکاریشم دایە ئەو، نازانم حەفتە هەشتە، چەندە، چەندی پێم گوتووە بمداتەوە، نامداتەوە، دەڵێم باشە تۆ بۆ چیتە؟ لە ماڵەوە هەڵتگرتوون، بیانهێنە لە فەیسبووک بڵاویان دەکەمەوە، هیی دیکەت دەدەمێ، پێدەکەنێ، دەڵێ دەزانم نامدەیتەوە.

**ڕامان:** ئەو کارانەت هێندە جوان و خۆشەویستن، ئەوەندە سووری لەسەر وەرگرتنەوەیان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێکیان جوانن، حەز دەکەم بمداتەوە، مەرجیش نییە باشترین کارم بێت. ئەو کاتی کە دامێ بیرم نەدەکردەوە، نەمدەزانی ڕۆژێکی وەک ئێستا دێت، حەز دەکەم کارەکانم تەماشا بکەم.

**ڕامان:** ئێستا گەیشتینە پۆلی سێ، لە بەشی ناوخۆیی مایتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی سێ چوومە بەشی ناوخۆیی گشتی.

**ڕامان:** تۆ تەنیا لە ئەکادیمیا هێڵکاریت دەکرد، یان کە دەچوویتەوە هەولێر، لە ماڵەوەش خەریکی هێڵکاری بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە بازاڕ و چایخانەکان، لە ماڵەوەش زۆر هێڵکاریم دەکرد، پێش ئەکادیمیاش وەکوو پێشتر باسم کردووە، بۆم دادەنیشتن، برایەکم هەیە، ناوی (سەعدی)یە، ڕۆژێک بۆم ڕاوەستابوو، تەمەنی گچکە بوو، دە دوازدە ساڵان بوو، بەڵام نەیدەوێرا بجووڵێتەوە، کەمی مابوو بەربێتەوە و لە هۆش خۆی بچێت. من ئێستاش هەر وام، مۆدێل بجووڵێتەوە، زۆر تووڕە دەبم.

**ڕامان:** بێجگە لەو برایەت، کێی دی جووڵاوەتەوە و لێی تووڕە بوویت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێک خوشکەکەم جووڵایەوە، شیشی گۆشت برژاندنم ڕاوەشاند، بەر ڕانی کەوت، زۆر لێی تووڕە بووم، ئەوە کۆنە و ساڵانێکی بەسەردا تێپەڕیوە، هێشتا لە ئەکادیمیا نەبووم، ئێستا بە گونجاوی دەزانم داوای لێبووردنیان لێ بکەم. لە چایخانە و بازاڕ زۆر ڕەسمم دەکرد، هەمیشە کاغەز و بۆردم پێ بوو، لە گیرفانیشم دام دەنا، یان دەبووا بەردەوام جانتایەکم پێ بێ، ئێستاش ئەگەر جانتایەکم پێ نەبێ، هەست دەکەم لایەکم قورسە و لایەکم سووکە، وەکوو ئەوە وایە شتێکم ون کردبێ.

**ڕامان:** منیش لەوەتەی تۆ دەناسم، هەمیشە تۆم بە جانتایەکی بن هەنگڵتەوە دیوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەبێ شتێکم لە دەست بێ، بەتایبەت ئەگەر لەبن هەنگڵم بێ، زۆر دڵم خۆشە، ئێستا جانتای ملم هەیە، زۆریشم لەو جانتایانە هەیە، زۆرم لە ئەمازۆن کڕی، لەو ساڵانە بایی ٥٠٠ دۆلار زیاتر جانتام لە ئەمازۆن کڕیوە، بەلام هەر ئاسوودە نیم، حەز دەکەم جانتایەکی میسالیم هەبێ، هەندێک کتێب و کاغەز بگرێ و زۆر گەورە نەبێ، لەو جۆرەش نییە بەدڵی من بێت، ئێستاش لە ئەمازۆن تەماشای جانتا دەکەم.

**ڕامان:** دێینە سەر قۆناغی سێی ئەکادیمیا، پێم خۆشە بۆمان باس بکەی ئەو مامۆستا نوێیانەی لەوێ دەرسیان بە تۆ گوت، یان سوودت لێیان وەرگرت، یان ئەگەر لەو قۆناغەدا کێشەیەک ڕووی دابێ، وردەکارییەکانم بۆ باس بکە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە پۆلی سێ گۆڕانکاری زۆر ڕووی دا، مامۆستای باشتر هاتن، خۆشم شارەزاتر بووم، لە زمانی عەرەبی و هەڵسوکەوتم چاوکراوەتر بووم. مامۆستای هێڵکاری، حافز دروویی بوو، هەروەها لە سێ و چوار جداریات- (Mural، یان دیواربەندی) هەبوو، م. غازی ئەلسعودی پێمانی دەگوت، ئەوەش کارێکی تەکنیکی بوو، چۆن تابلۆ بۆ کاری فریسکۆ ئامادە دەکرێ، یان بەکارهێنانی غەرە لەگەڵ ڕەنگ، چەند کارێکمان کرد، یەک دووێکیان کۆپیی کاری هونەرمەندان بوو، من کارێکی (کارەڤاگیو)م کۆپی کرد. ئەو مامۆستایەش ئەرکی خۆی بەجێ دەگەیاند، سودمان لێی وەرگرت.

**ڕامان:** چ وانەیەکی دیکەتان دەخوێند، یان هەر ئەوەندە بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وانەیەکی تریش لە سێ و چوار تەکنۆلۆجیای وێنەکێشان بوو، (م. ئەحمەد ئالشلبي) پێی دەگوتین، کتێبێکیش بوو باسی کەرستە و ئامادەکردنی تابلۆی دەکرد، مامۆستاکە لەگەڵمان باش بوو، بە خۆشیی بەسەرمان دەبرد، تەنیا کێشە لەوەدا بوو، کەرستەکان زۆریان نەبوون تاکوو بە کرداری بیکەین، ئەوەی کردمان ئامادەکردنی چوارچێوە و کوڵاندنی غەرەی پێستی کەروێشک بوو، بۆ ئەوەی بۆ کاری زەیتی (ڕەنگی چەور) قوماش ئامادە بکەین. گرافیکیشمان هەبوو، م. غالب ناهی مامۆستای وانەکە بوو، مامۆستایەکی زۆر باش بوو، زۆر خۆی ماندوو دەکرد، زۆر بە پاکی وانەی خۆی دەگوتەوە، گرافیکیش خۆی تەکنیکە، فێربوونە، ئەو زۆر باش بۆمانی ڕوون دەکردەوە.

**ڕامان:** گرافیک زیاتر پێوەندیی بە هونەری چاپەوە هەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بە ئینگلیزی پێی دەڵێن پرینتینگ، واتە چاپکردن- تیباعە، وشەی گرافیک زۆر بەکار ناهێنن، گرافیک ئێستا هاتووەتە ناو کتێب و دیزاین و ئەوانە، بەلام لەلای ئێمە هەر گرافیکی پێ دەڵێن، ئەو مامۆستایە زۆر شتی پێ گوتین.

**ڕامان:** هیچ کتێب و مەلزەمە و شتی واتان لە بارەی گرافیکەوە هەبوو، لەسەری بخوێنن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هیچ نەبوو، هەر ئەوە بوو کە چی دەکەی و چۆنی دەکەی، تەکنیکی و پراکتیکی بوو، هەر جارێ لەسەر لایەنێک کارمان دەکرد، وەکوو- کاوچوک (لاستیکێکی ڕەقە)، زەنگ، هەروەها چۆن پاک دەکرێتەوە، یان دەبێ چەند لەناو تێزاب بێت، کە پێمان دەگوت حامز.

**ڕامان:** ئەو مامۆستایە بە زارەکی قسەی دەکرد

و ئێوە دەتاننووسی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نووسین نەبوو، هەر کردەکی بوو، مامۆستاکە ستۆدیۆیەکی هەبوو، کەرستەی گرافیکی لێ بوو، لەوێ بەپێی پرۆگرامی ئەکادیمیا کارەکانمان دەکرد.

**ڕامان:** خۆت کاری گرافیکت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، زۆر تێیدا باش بووم، بەڵام من هەر بیرم لەلای وێنەکێشان بوو، هەندێکیان لەلای خۆم ماون، یەکێکی گرنگم ماوە، ئەوە هیی پۆلی چوارە، لیسۆگرافە، لە پرۆگرامی ئەکادیمیا نەبوو، کە دێینە سەر قوناغی چوار باسی دەکەم.

**ڕامان:** مەبەستم ئەوەیە بڵێم کە لە گرافیکدا کارت کردووە، واتە لە هەموو تەکنیکەکانی گرافیک بەرهەمت هەبووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوەی لەوێ هەبوو، لە هەموویاندا کارم کرد، بەڵام من لە قوتابیانی دیکە زیاتر کارم کردووە، ئەوەی لە ئەکادیمیا دەخوێندرا. بۆ خۆم لە ماڵ کاری گرافیکم نەکردووە، ئەوەی لە ئەکادیمیا کردوومە، هەر بۆ فێربوون بووە.

**ڕامان:** ئەی شاکر حەسەن ئالسەعید دەرسی بە ئێوە نەدەگوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەو لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، وانەکانی زیاتر تیۆری بوون، وابزانم وانەی کردەکیی نەبوو. دەزانم ڕەسمیشی کردووە، کاری تەجریدی دەکرد، کەسێکی ڕۆشنبیر بوو. لە زۆربەی هونەرمەندەکان ڕۆشنبیرتر بوو، هەندێک کاری جوانی تەجریدیشی کرد.

**ڕامان:** ڕاستە، کە دەڵێی کەسێکی ڕۆشنبیر بوو، کتێبێکیشی لە بارەی گرووپی (البعد الواحد) هەیە، کە تەوژمێکی هونەری شێوەکاری بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوانە دەچوونە ئەورووپا، نوێخوازی ئەورووپاییەکان کاری تێدەکردن، کە دەهاتنەوە خەڵکی نەیاندەزانی سەرچاوەی هونەرەکەیان لە کوێوە هاتووە، بە ڕای من ئەوانە کاریگەریی ئەورووپایان زۆر لەسەرە، هەڵبەت نەک تەنیا بەڕای من، بگرە زۆر بە زەقی دیارە.

**ڕامان:** (ڕافع ئەلناسری)یش هەر لەو گرووپەیە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەویش هەر لەو گرووپەیە، بۆ نموونە ئێستا ئەرتیمۆفسکی، مامۆستاکەم، لەوانەیە کاریگەریی لەسەر ئەو هەبێ. زۆرتر گرافیکی بوو، خۆی گرافیکی خوێندووە، لە پورتۆگاڵ و لە چین خوێندوویەتی. ڕافع ئەلناسری ڕۆشنبیریی نوێی هەبوو، لە پەیمانگە حەزی لە نوێخوازی بوو، ئەو لە ئەکادیمیا نەبوو، بەڵام هونەرمەند بوو، کاریگەری مارک ڕۆسکۆی لەسەر هەبوو.

**ڕامان:** پێوەندیت لەگەڵی هەبوو، ڕاستەوخۆ دەتبینی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا.

**ڕامان:** ئەی بۆ پێشانگەکانی نەدەچووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، پێشانگەکەیم بینیوە. ڕافع ئەلناسری هونەرمەندە، بەڵام هونەرمەندی ئەکادیمیا و ئەوانە نەبوو، تەنانەت ئەگەر سوودی لە هیی تر وەرگرتبێت ئاساییە، هەموومان سوود وەردەگرین، بەڵام کەسانی وەک شاکر حەسەن دەچوونە ئەورووپا، کاریگەریی ئەوێیان دەهێنایەوە، بینەری ئاسایی پێی نەدەزانی.

**ڕامان:** دیارە کاریگەرییەکە زۆر زەق بووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کاریگەرییەکە زەق بوو، بۆ نموونە هیی ڕافع ئەلناسری زەقە، هیی (شاکر حەسەن)یش زەقە، بەڵام هەموو خەڵک بەمە نازانێ، خۆی ئەوەش هەر باشە، بە ڕای من شاکر حەسەن لە هونەری کردەکی زۆر کاریگەر نییە، کاریگەرییەکەی زۆرتر لە

لایەنە تیۆرییەکە بوو، قسەکانی جیددی بوون، کابرایەکی هونەردۆست بوو، هونەر و مێژووی هونەر و تیۆرییەکان و مێژووی هونەری عێراقی نووسیویەتەوە، ئەمانە هەموویان گرنگ و باشن، بەڵام وەک هونەرمەندی تابلۆ لەبەرچاوی من ئەوەندە کاریگەریی نییە، تەنیا هەندێک کاری تەجریدیی جوانی کرد. وەکوو پێشتر باسم کرد.

**رامان:** ئەو کارە تەجریدییە جوانانەی بە کاریگەریی هونەری ئەورووپا کردبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بە ڕای من ئەوە گۆڕانکاریی ناوخۆی کەسەکە نییە، کاریگەریی هونەرمەندی ترە کە لە ئەورووپا دەیاندی.

**رامان:** گوتت غالب ناهی لە پۆلی سێ گرافیکی پێ گوتی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵێ، چونکە لە پۆلی چوار ئەرتیمۆفسکی هات، ژنەکەیشی ناوی سۆفیا ئەرتیمۆفسکا بوو، کەتەلۆگێکی گچکەم هەیە، هی ئەوانەیە، هەردووکیان دەرسیان دەگوتەوە، زۆر زانستی و جیددی بوون، بۆ خۆیان ئەکادیمیانە کاریان نەدەکرد، بەڵام بە زانستی کاریان دەکرد، پۆڵۆنیش بوون، لەناو قوتابییەکاندا جیاوازییان نەدەکرد، حزبی و عەرەب و کورد و ئەوانەیان بەلاوە گرنگ نەبوو، هەرچەند هەر من کورد بووم.

**رامان:** تۆ بۆ خۆت زیاتر سوودت لە کامیان وەرگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** غالب ناهی پێش ئەرتیمۆفسکی گرافیکی پێ گوتین، زانیاری سەرەتایی لێوە فێر بووین، باش بۆمانی ڕوون دەکردەوە، دوایی کە ئەرتیمۆفسکی هات، جیددیتر وانەکەی پێ گوتین، بەڵام کەمتر دەچووە ناو شتەکانەوە جموجووڵی بە کرداری لە غالب ناهی کەمتر بوو، تەمەنی گەورە بوو، پرۆفیسۆر بوو، کەسێکی زانا بوو، زۆر بووینە هاوڕێ، منی زۆر خۆش دەویست، دەیگوت کوڕەکەشم وەکوو تۆ زۆر حەزی لە مۆسیقایە، یەک دوو جار کە ئەو دەهاتە ژوورێ، من بە دەم مۆسیقام لێ دەدا، مۆسیقای بتهۆڤن بوو، ئەویش دەیگوت ئەوە سەمفۆنیی (بتهۆڤن)ـە، من بە دەم لێم دەدا، چونکە من زۆر گوێ لە مۆسیقا دەگرم، لەوێ کاسێتم پێ نەبوو، هەر لەبەر خۆمەوە دەنگە دەنگێکم دەکرد.

**رامان:** بە گشتی مامۆستاکانی دیکە لەگەڵتان چۆن بوون، ئەوانەی وانەکانی دیکەیان پێتان دەگوتەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لە پۆلی سێ حافز دروویی هێڵکاریی پێ دەگوتین، بەڕاستی ئەویش زۆر باش نەبوو، ناڵێم لە هێڵکاریی خراپ بوو، مەبەستم شتێکی پێ نەگوتین بەبیرم بێت. پێشتر زۆر زوو لە گۆڤاری کۆن من دەمزانی حافز دروویی چووەتە لەندەن، لەوێش خوێندوویەتی. یەکەم جار هاتە ژوورەوە گەنجێک دانیشتبوو، قۆڵی ڕووت بوو، منیش بە هێڵکاری دەماری دەستیم کێشابووەوە، هات گوتی ئای لەو وردەکارییە! وردەکارییە. زۆر قسەیم بەبیر نایەت، تەمەنیان گەورە بوو، ئەوانە لەمێژ بوو مامۆستا بوون، بێتاقەت بووبوون، بە جەستە ماندوو بوون، لە قوتابیانیش بێزار بووبوون، ئەوەندە قوتابی خراپ و بێوەفایان بینیبوو، تاقەتیان نەمابوو بێن سەری خۆیان لەگەڵمان بێشێنن.

**رامان:** ئەگەر بەو شێوەیە بێ، دیارە تەنیا کاتەکەیان بەڕێ کردووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** هەندێکیان تاڕادەیەک وابوون، سۆفیا ئەرتیمۆفسکا بۆ وانەی ڕەنگ هات، ئەو جیددی بوو، بە وشەی ئینگلیزی لێک تێدەگەیشتین، عەرەبیی نەدەزانی، هەر سەلامونعەلەیکوم و ئەوانەی دەزانی، هەندێ جار ژن و مێرد دەیانگوت ئەڵڵا کەریم، ئەگەر ویستبایان کەسێک لە کۆڵیان بێتەوە

بـەو قسـەیە بەڕێیـان دەکـرد. بەبیـرم دێ جارێـک ئەرتیمۆفسـکی وای گـوت و پێکەنـی، تەماشـای منـی کـرد، بـە یەکێکـی گـوت ئەڵـڵا کەریـم.

**ڕامـان:** لـەوە دەچـێ نێوانـت لەگـەڵ ئـەو ژن و مێـردە بـاش بووبـێ، ئـەوە هیـی ئاسـتی بـەرزی هونەرەکەیـان بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن بـڕوام بـەوە هەبـوو ئـەوان شـت دەزانـن، ئەوانیـش دەیانزانـی مـن نیـازم فێربوونـە. سۆفیا ئەرتیمۆفسـکا کـە یەکـەم جـار هاتـە ژوورەوە، سـتیلایفێکی دانـا، نیـوەی پەیکەرێـک بـوو بەبـێ سـەر، لەگـەڵ هەنـدێ شـت، ئێمـەش کەرسـتەی خۆمـان فاییـەر و ئـەو شـتانەمان دانـا. گوتـی ئیـش بکـەن، منیـش بـە فلّچـە و زەیـت دەسـتم پـێ کـرد. گوتـی نابـێ بـە فلّچـە دەسـت پـێ بکـەی، دەبـێ بـە وردی بـە قەڵـەم ڕەسـاس هێڵکاریـی بکـەی، ئەوجـا بـە زەیـت کار بکـەی. گوتـم مـن وا ناکـەم. گوتـی ئاخـر ئـاوا ناکـرێ! گوتـم مـن دەتوانـم بیکـەم.

**ڕامان:** دواجار بە قسەی ئەوت کرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نەخێـر، ئـەو هـەر گوتـی وا نابـێ و منیـش هـەر گوتـم دەبـێ. پێـم گـوت من بە قەڵـەم هێڵکاریـی ناکـەم، ئیـدی لێـم گـەڕا، دواجـار گوتـی ئاخـر ئـەوە زەحمەتـە و هونەرمەنـدەکان وا دەکـەن. مـن پێـم نەگـوت هونەرمەنـدم، بـەڵام گوتـم مـن ئـاوا دەکـەم. گوتـی باشـە بـا بزانـم.

**ڕامـان:** کـە کارەکـەت کـرد بیـروڕای لەسـەری چـۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** کـە کارەکـەم کـرد و دەسـتم پـێ کـرد، گوتـی ئەهـااا ڕامبڕانـد ڕامبڕانـد. دیـارە منیـش ڕامبڕانـد دەناسـم، پێـدا هـات و دەسـتی پـێ کـرد، قوتابیانیـش بـەو قسـەیە چاویـان زەق بـووەوە. نـاوی لـە مـن نـا ڕامبڕانـد، پێـم خـۆش بـوو، هەندێـک شەرمیشـم دەکـرد. قوتابییـەکان بینییـان لەگـەڵ مـن باشـە و جیددییـە و دەرفەتـی فرتوفێـڵ نـادا.

**ڕامـان:** ئـەو نازنـاوە لـە جێـی خۆیەتـی، مـن ڕاسـت دەیکەمـە ڕامبڕانـدی کـورد!

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو وای دەگـوت، بـەڵام بـرام مـن ڕامبرانـد نیـم، عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵی کوردیـم. نازنـاوی زۆریـان پـێ گوتـووم، بـۆ نموونە گوێـم لـێ بـووە گوتوویانـە، پاشـای هێڵـکاری، بەڵام مـن بـەو قسـانە نـازم نەکـردووە، هەرچەنـدە هاندەریشـە، ئیـدی قوتابـی تـووڕە بـوون، وابزانـم لەبـەر ئـەوەی دەرفەتـی بـە فێـڵ و خۆدزینـەوە نـەدەدا، ئـەوە کێیـە و ئـەوە چاودێـرە و ئـەوە بەرپرسـی سـەندیکایە و ئەوانـە، بەجیـددی وانـەی خـۆی دەگوتـەوە. گوتیـان ئـەوە عەرەبـی نازانـێ و ئێمـە لێـی تێناگەیـن و نازانـم چـی! گۆڕییـان، بەڵام گۆڕینەکـە بـە ویسـتی مـن نەبـوو، مـن لـەو شـتانە کێشـەم نەبـوو، پێشـم خـۆش نەبـوو، ئیدی دەی دەی کـێ بێنـن، کازم حەیدەریـان هێنـا.

**ڕامـان:** م. کازم حەیـدەر هونەرمەندێکـی ناسـراو و بـاش بـوو، ئـەو مامۆسـتایەت پـێ چـۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** م. کازم حەیدەریـش بـاش بـوو، مرۆڤێکـی ڕۆشـنبیر و هونەرمەنـد بـوو، بـەڵام هـەر یـەک دوو جـار هـات، وێنەیەکیشـی لەگەڵـم هەیـە، یەکـەم جـار هـات گوتـی ئـەوە ئیشـی کێیـە؟ منیـش گوتـم ئیشـی منـە. ئەویـش گوتـی بـۆ هێڵکاریـت نەکـردووە! هێڵـکاری بکـە، ئەگـەر دەتـەوێ وەک فایـق حەسـەن ڕەسـم بکـەی، خـۆ (فایـق حەسـەن)یش هێڵـکاری دەکات، تـۆ بـۆ نایکەیـت؟

**ڕامان:** تۆ چۆن وەڵامت دایەوە و چیت گوت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** منیـش نەمزانـی بڵێـم چـی، هەرچۆنێـک بێـت وەڵامێکـم دایـەوە، ئیدی قسـەمان کـرد، گوتـی تـۆ هێڵکارییەکـەت بکردبـا. قسـەکانی

باش بوون، منیش گوتم باشه، دەمزانی ئەو ڕەسم دەزانێت، کەسێکی ڕۆشنبیریش بوو، گوتیشی کتێبێکم بەدەستەوەیە، دوایی لە ئینگلیزی بۆ عەرەبی وەری دەگێڕم، بەڵام کتێبەکەیم نەدی. خۆی دەرچووی بریتانیا بوو، وابزانم دەرچووی... سلێد سکووڵ بوو، ئیدی دوو ڕۆژ هاتەوە، ساڵ تەواو بوو.

**ڕامان:** ئیسماعیل شێخلی لەلاتان نەما کە پێشتر (توخمەکانی هونەر)ی پێتان دەگوتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو (عناصر الفن- توخمەکانی هونەر)ی پێداین، دوایی دیار نەما، هەر بە تەواوی بزر بوو، وابزانم لە سەرۆک بەشییەکەش نەما، سەعد ئەلتائی بووە سەرۆک بەش.

**ڕامان:** وەک وێنەکێشان بەدڵت نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەک وێنەکێشان و هونەرمەند (سعد ئەلتائی)م بەدڵ نەبوو، شتی زۆر گرنگیشی نییە، بەڵام هونەری خوێندبوو، لە دەرەوە بوو، لە ئیتاڵیا خوێندبووی، هەندێک جار لە کەتەلۆگەکان کارەکانیم دەدی، ئەویش نە بە شێوازی نوێ و نە بە گوێرەی کۆن سەرنجی ڕانەکێشام، بەڵام سەرۆک بەش بوو، ئیدی نازانم چیی کرد، ئەگەر دوایی جار بە جار قسەمان کردبێت. لە ١٩٧٩ کە چووینە سلێمانی بۆ بەشداری لە فیستیڤاڵی زانکۆی سلێمانی، سەعەد ئەلتائی وەک هێڵکاری پۆرترێتی منی بە شێوەی تەعبیری- ئیکسپرشنیزم کرد. لەگەڵ (م. فەرەج عەبۆ)ش نێوانمان باش بوو، زوو یەکترمان ناسی.

**ڕامان:** م. فەرەج عەبۆ جێگری ڕاگریش بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بەبیرم نایەت لە جێگری ڕاگر گۆڕابێت، وا بزانم جێگری ڕاگرێکی دیکەش هەبوو، پێوەندی بە شانۆوە بوو. سامی عەبدولحەمید، لەوانەیە بۆ کاروباری کارگێڕی بێت.

**ڕامان:** ئیشی کارگێڕی، یان کاروباری قوتابیانی بەڕێوە دەبرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پێم وایە کاروباری قوتابیان جیاواز بوو، نازانم کێ بوو، لەوانەیە ئەوەیان هونەرمەند نەبووبێت، ڕاگرەکەش ئەسعەد عەبدولڕەزاق بوو.

**ڕامان:** پێشتر باسی (ئەسعەد عەبدولڕەزاق) مان کرد.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ناوم هێناوە، کە م. فایق حەسەن پۆرترێتی کرد.

**ڕامان:** گوتت فەرەج عەبۆ، جێگری ڕاگر بووە و هاتووە دەرسی بە ئێوە گوتووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەوەیان لە پۆلی سێ نەبوو، مامۆستای داڕشتن لە پۆلی سێ، ئەرتیمۆفسکی بوو.

**ڕامان:** پێشتر پەسنی ئەو مامۆستایەت دا و بەدڵت بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو مامۆستایە داڕشتنی نەدەگوتەوە، زانستی و باش بوو، داڕشتنی وەکوو وانەی ڕەنگ دەگوتەوە، مۆدێلی دادەنا، جارێک سێ کەسی دانا، دەیویست لەناو ڕەسمکردنی مۆدێل، داڕشتنیش دروست بکەین، بەڵام زۆر شتی لەبارەی داڕشتن ڕوون نەدەکردەوە، یان لە پێشمان ڕەسم بکات، ئەرتیمۆفسکی لە پۆلی سێ ئەوەندە وانەی پێ نەگوتین سوودی بۆ داڕشتن هەبێ، ئەوی کە بەلامانەوە باش بوو، لە پۆلی چوار بوو کە گرافیکی پێمان گوت، دیار بوو زۆرتر حەزی لە گرافیک و کاری نوێ بوو، نەک ئەکادیمی.

**ڕامان:** هەر ئەو مامۆستایە، ئەرتیمۆفسکی گرافیکی پێ دەگوتنەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەرتیمۆفسکی، لە پۆلی سێ داڕشتنی پێ گوتین، لە چوار گرافیکی

پێمان گوت، دارِشتن بە ڕەنگەکانی زەیتی، بەڵام دارِشتنەکەی نەدەگوتەوە کە چۆن کاری دارِشتن بکەین، هەر مۆدێلی دادەنا، مۆدێلیش دارِشتنی تێدایە، هەموو شتێک دارِشتنی تێدایە، یان بڵێین دیزاینی شتەکە، ئەوەی پێ دەگوتین، باش بوو، زانستییانە بوو.

**ڕامان:** سوودت لێ وەرنەگرت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** قسـەی دەکـرد و مۆدێلـی دادەنـا، سـوودم لەوانـە وەرگـرت، بـەڵام سـوودەکە لـە دارِشـتن نەبـوو، هـەر بەگشـتی بـە ڕای مـن دارِشـتن لـە هەمـوو خوێندنـی عێـراق لاوازە، لـە ئەکادیمیـاش هـەر لاواز بـوو، لای ئێمـەش لاوازە.

**ڕامان:** ئەو بیروڕایەتم زۆر پێ ڕاستە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** ئێسـتاش لـەلای ئێمـە لاوازە، مـن دارِشـتنم نەگوتووەتـەوە، بـەڵام زۆر جـار دەمگـوت ئەگـەر دارِشـتن بڵێمـەوە دەبـێ زۆر شـت بکـەم، هەندێـک شـتی نوێـم گوتـووە، بـەڵام بـەو شـێوەیەی خـۆم ویسـتوومە، دارِشـتن نەبـووە.

**ڕامـان:** باشـە بۆچـی ئێـوە کـە لـەو بوارانـەدا زانیـاری و ڕۆشـنبیریتان هەیـە، ئـەو بیـروڕا و زانیارییانەتـان نەکردووەتـە نووسـین؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لەبـەر ئـەوەی مـن پێـم ناکـرێ، ئەوەتـا مـن نەمتوانیـوە ژیانـی خـۆم بنووسـمەوە.

**ڕامـان:** پێتوانییـە ئـەوەش بەشـێک لـە ئـەرک و بەرپرسـیاریەتیی ئێـوە بـێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر، ئەوە شتێکی پەروەردەیی و بوارێکـی تـرە، نووسـین و کتێـب و چاپکردنـە، وەک زانیـاری و کتێـب یەکێـک بـە دوایـدا بگـەڕێ بـە دەسـتی دەکـەوێ، مـن مەبەسـتم لـە لاوازیـی پرۆگرامـی خوێندنـە لـە بـارەی دارِشـتن.

**ڕامـان:** بـەڵام تـۆ دەرتخسـت ئـەوەی هەیـە بەدڵـت نییـە و ئاسـتەکەی نزمە، دواجـار کتێبەکان بـە زمانـی کـوردی، لـە کتێبخانـەی کـوردی نیـن، چـارە چییـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** هەمـوو ئەوانـە پێوەندییـان بـە زانکـۆ و کۆلیـج و پرۆگرامـەوە هەیـە. وانەکـە و پرۆگرامـی هونەریـم لـە بـارەی دارِشـتن بـەدڵ نییـە. دارِشـتن لای ئێمـە پشـتگوێ خـراوە، لـە عێراقیـش هـەر وا بـوو، لەبـەر ئـەوەی لـەلای ئێمـە ڕەسـمکردن و خوێندنـی هونـەر هەر ئەوەیە شـتێک ببینـی وێنـەی بکـەی، مـن بەگشـتی پێـی دەڵێـم ئینتیباعـی- ئیمپریشـنیزم، چونکـە ئیمپریشـنیزم لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەم زۆر بـاو بـوو، هەندێـک هونەرمەنـدی ئێمـەش کـە چوونـە دەرێ ئـەو شـتانە بـاو بـوون، هێنایانـەوە بـۆ عێـراق.

**ڕامـان:** مامۆستاکانیشـتان ئیتیباعـی بـوون، بـۆ نموونـە ئیسـماعیل شـێخلی وەک ئینتیباعییەکـی گـەورە نـاوی ڕۆیشـتبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مامۆسـتای وامـان نەبـوو، خۆزگـە هەمانبـا، بینینـی مۆدێـل و سروشـت، یـان سـتیل لایـف، ئـەو جـۆرە بینینانـە پێوەندییـان بـە ئیتیباعیەتـەوە هەیـە، بینینـی ڕەنـگ و هێـڵ و دانانـی شـتەکە، بـۆ ئەوەیـە قوتابـی فێـر بێـت و ڕەسـم بـکات، ئـەو شـتانە زۆرن، بـەڵام ناگاتـە قۆناغـی دارِشـتنێکی بەهێـز، دەنـا خـۆی هەمـوو ئیشـەکە هـەر بـۆ دارِشـتنە، چونکـە دارِشـتن، واتـە دەربڕیـن و تابلـۆکاری بـە شـێوەی زانسـتی.

**ڕامان:** ئەوە لە شیعریش هەر وایە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕاسـتە، تـۆ وشـەیەک فێـر دەبـی، بینـای شـیعر فێـر دەبـی، بـەڵام دوا جـار دەبـێ شـیعر بنووسـی، هەمـووی لەبـەر ئەوەیـە شـیعرەکە بنووسـی، بـۆ نموونـە بـە ڕەنـگ و هێـڵ و ئەوانـە، ڕەسـمی مۆدێـل دەکەیـن، وێنـەی سروشـت دەکێشـین، بـەڵام وانـەی دارِشـتن لاوازە، هەندێـک جـار مامۆسـتایەک دەیڵێتـەوە، ئەویـش

لاوازە، دێ وانەکە دەڵێتەوە، خۆشی باش نییە، دەی قوتابیش هەر ئەوەندە فێر دەبێ.

**ڕامان:** وانەی کۆلێجەکانی هونەریش هەر وایە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەوەیە، کە تۆ دەڵێی هێڵکاری، یان داڕشتن، یان ڕەنگ، یان گرافیک، خۆی حەفتەی چەند کاتژمێریکە، حسابی بکەی ساڵی خوێندن چەند حەفتەیە، من گەلێ جار حەفتەم ژماردووە، هەمووی دەکاتە بیست و چوار، بیست و پێنج حەفتە، مانای وایە ئەو مامۆستایە ٢٢ جار دەبینی، ئەگەر بەتەواوی بێت، بێجگە لەوەی تاقیکردنەوەیە و هەندێ جار دەڕوا، ئەوجا ئەگەر ئەو بە بەرنامە شتێکت پێ نەڵێ، ساڵەکە تەواو دەبێ.

**ڕامان:** لەو قۆناغەشدا هەر لە بەشی ناوخۆیی بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەشی ناوخۆ کە پێیان دەگوت خانەی قوتابیان، چوومە جێگەیەک هەموویان قوتابی کۆلێجی وەرزشی بوون، ئەوان دەچوون وەرزشیان دەکرد، ماندوو دەبوون، من ماندوو نەدەبووم، کە دادەنیشتم، کێشەم هەبوو، هەندێک جار لێم بێزار دەبوون، دڵیشیان نەدەهات بڵێن بۆچی نانووی، من قسەی خۆشم بۆیان دەکرد، بەڵام ئاسوودە نەبووم، ئەوانیش لە من ئاسوودە نەبوون، دەیانویست گڵۆپ بکووژێننەوە، دەمگوت نابێ گڵۆپ بکووژێننەوە، دوایی زانیم بەختیار قەفتان کە دەمناسی، لە هۆڵێک بوو لە نهۆمی سێیەم، ئەوجا چوومە ئەوێ. من لە سێ بووم، ئەو پۆلی دوو بوو، ئازاد جەلال هاتبوو، ئەوکاتە لە شانۆ پۆلی دوو بوو، هاوڕێ هەبوو پۆلی یەک بوو، زاهیر مەحمووديش بوو.

**ڕامان:** زاهیر مەحموود کە بە زاهیرە سوور ناسراوە، تەنیا شانۆنامەیەکی (برێخت)ی دەرهێنا کە لە سلێمانی نمایش کرا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەوەش هات، پۆلی دوو بوو، منیش پۆلی سێ بووم، (حەمە ساڵح)یش هەبوو، ئەوەشم ناسی کە لە بەشی سینەما بوو، ناوی باوکیم لەبیر نییە، کوڕێکی ڕیشدار بوو، پێ دەچوو ساڵێک لە پێش منەوە بێ، کە پێشتر دەمدی ڕیشێکی درێژی هەبوو، کابۆیەکی لەبەر دەکرد، وام دەزانی ئەوە لە بێباکییەوەیە، هەندێکیان لە حزبی شیوعی، یان لە حزبی دی کاریان دەکرد و سیاسی بوون، کە دەمدی کابۆ لەبەر دەکا و ڕیشی هەیە، هەستم نەدەکرد کەسێکە لە هونەر جیددییە، بەڵام کە چوومە خانەی قوتابییان، قەرەوێڵەکەی لە تەنیشت منەوە بوو.

**ڕامان:** ڕێکەوتێکی سەیر بووە، لە کاتێکدا تۆ بە ڕواڵەتەکەی نەچووەتە دڵتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دوایی دەرچوو کوڕێکی زۆر سادە و باشە، لەو کاتەوە گوتم نابێ کەس بە شێوە و جلوبەرگی هەڵسەنگێنین، زۆریش بووینە هاوڕێ، لەولامەوە بەختیار قەفتان و ئازاد جەلال بوون، نازانم زاهیر مەحموودیش لەو هۆڵە بوو، یان نا، ئەوانە بە منیان گوت بۆچی نایەیتە لای ئێمە، ئیدی چووم، لەوێ زۆر ڕەسمم دەکرد، ئەوانە زۆر لەگەڵم برادەر بوون، زۆر کاری هێڵکاری و ئاوی و ئەوانەم کرد، ئەو کارانەم هەمووی ماون.

**ڕامان:** لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەت هیچ شتێک لە نێوانتان ڕووی دا، یان هەر کەس خەریکی ئیشی خۆی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر کەس ئیشی خۆی دەکرد، هاوڕێیەتیمان لەگەڵ یەک هەبوو، پێکەوە دەچووینە دەرێ و نانمان دەخوارد، یان دەچووینە

بارێک.

**ڕامان:** ئەی پێکەوە نەدەچوونە سەیری فیلم و نمایشە شانۆییەکان؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** دەچووینە شانۆ، دەچووینە مۆزەکان، بەتایبەت بەختیار قەفتان زۆر لەگەڵم بوو، باسی شانۆمان دەکرد، چونکە هەندێک زانیاریم هەبوو و کتێبم لە بارەوە دەخوێندنەوە، لەگەڵ حەمە ساڵح باسی سینەماشم دەکرد.

**ڕامان:** ئەی بابەتی فیکریت دەخوێندەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** بەبیرم دێ باسی مارکسیەتم دەکرد، لە مارکسیەتدا هەندێ شت فێر بووبووم، کتێبم هەبوو، هێندێکیانم خوێندبووەوە، بیرمە (المادية الديالكتيكية) و (المادية التاريخية)م هێنا، باسی ئەوانەم دەکرد، ئەوان لێیان نەدەزانی، من لەوان شارەزاتر بووم، لەبەر هونەر دەچوومە ناو ئەو جۆرە بابەتانەوە، لەگەڵ حەمە ساڵح باسی سینەمام دەکرد، باسی کادر و دیافراگما و پازۆلینی و فدریکۆ فلینی و ئەوانەم دەکرد. گۆڤاری میسریم زۆر خوێندبووەوە، گۆڤارێک هەبوو ناوی سیناریۆ بوو، وەختێک ئەوانەم دایە فەهد.

**ڕامان:** فەهد کێ، ناوی باوکی چ بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** بە فەهد گردەوانی ناسراوە، ڕۆژێک بەبیرم دێ گوتی من حەز لە سینەما دەکەم و لەبارەیەوە دەخوێنمەوە، ئەوەی پێوەندی بە سینەماوە بوو دامێ، ئەوجا لەگەڵ ئەو قوتابییەی سینەما، مەبەستم (حەمە ساڵح)ـە کە ئێستا لە دەرەوە دەژی، زۆر باسی ئەوانەم دەکرد، بەڵام ئەو شارەزای بابەتە فیکرییەکان نەبوو، لەگەڵ ئەوەش قوتابییەکی جیددی بوو، زۆر ڕەسمی ئەوم کردووە، بۆم دادەنیشت، یان هەر سکێچی خێرام دەکرد.

**ڕامان:** لە چ قۆناغێکدا بەیەکەوە بوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** حەمە ساڵح لە سینەما بوو، لە بەشی ناوخۆ پێکەوە بووین، ئەوکاتە من پۆلی سێ بووم.

**ڕامان:** کەواتە لێرە باسەکەت لە بارەی فەهد گردەوانی نییە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** نا، لەگەڵ حەمە ساڵح و ئەوانەی دیکەیە کە پێکەوە لە بەشی ناوخۆیی بووین، ئەو بەشە چێشتخانە و کارگێڕی هەبوو، ئەوجا لێرە لەو بەشە ناوخۆییە لەگەڵ زۆر لە برادەران بە یەکگەیشتین.

**ڕامان:** دیارە ئەو بەشی ناوخۆییەت بەدڵ بووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** قەرەباڵغییەکەی خۆش نەبوو، بەڵام چێشتخانەی هەبوو، خواردنەکانی هەرزان بوو، بە پلیت دەمانکڕی، بەبێ خواردنەکە پلیتەکەمان دەدا.

**ڕامان:** کە شەوان گڵۆپت نەدەکووژاندەوە، هەڵوێستی هاوڕێکانت لەگەڵت چۆن بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** لەوێ گڵۆپمان نەدەکووژاندەوە، هەندێکمان خەریکی کاری هونەری بووین، هەندێک عەرەبیشی تێدا بوو، ئەوانیش لە بەشی شانۆ بوون، سەرخۆش دەبوون، کێشەی ئەوەم نەبوو، ئەوانەی خۆمان لێمیان قبووڵ دەکرد. هەندێک جار ڕەسمم دەکرد، وەک سوعبەت بە ئەنقەست شتم پیس دەکرد، بەڵام زۆر بۆم دادەنیشتن، هێڵکاریم دەکردن، ئەگەر دانیشتن بووایە، یان ئاگای لێ نەبووایە، زۆریشم لەو ئیشانە ماون، هەبوو کتێبی دەخوێندەوە، یان گەمەی دەکرد. جارێک وێنەیەکی گووگووشم کرد، لەسەر دۆڵابەکەم دا، بە پاستیل کردم، پاستیلیان بۆ ڕاگرتبووم، بەپێی ئەوکاتی وێنەکە زۆر جوان دەرچووبوو.

**ڕامان:** تا کەی بەم شێوەیە لەو هۆڵەدا مایتەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** کە بوومە پۆلی چوار

لەوێ نەمام، لە خانوویەکی دیکە بووم، کە پۆلی چوار تەواو بوو، بۆ ئەستۆپاکی چووم، ئەو دۆلابەیان لە نهۆمی سێیەمەوە هێنابووە خوارێ، هێنابوویانە ژووری بەڕێوەبردنی بەشی ناوخۆ، ئەو دۆلابەی وێنەکەی گووگووشی لەسەر بوو، بەرانبەر خۆیان دایاننابوو. کە چووم (کەریم دەشتی)م دی، ئەوە پۆلی چوار بوو، ٢٥ فلسیان بۆم نووسیبوو، خۆی کە قوتابی دەردەچێ دەبێ هەندێ پارە بدات، ٢٥ فلسیان بۆ من نووسیبوو. فەرمانبەرێک گوتی ٢٥ فلس چۆن دەبێ! هەر ئەوکاتە باسی ئەوەش کرا کە من ئەو وێنەیەم کردووە.

**ڕامان:** ٢٥ فلسەکەیان لە بری چی نووسیبوو، هەقی چی بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەیانگوت هەر قوتابییەک کە دەردەچێ دەبێ وەک قەرەبووی ئەو شتانەی لەلای بوون و شکاندوویەتی پارە بدات، من هیچم لەسەر نەبوو، پێشانگەشم کردبووەوە، ٢٥ فلسیان نووسیبوو، گوتیان تۆ نەبووی پێشانگەت کردبووەوە؟ گوتم با، ئیتر ٢٥ فلسیان نووسی. بەڕێوەبەرەکە گوتی ٢٥ فلس چۆن دەبێ. گوتم ئەوان وایان نووسیوە. گوتی با بیکەینە ٥٠ فلس.

**ڕامان:** ئیتر ٥٠ فلسەکەت دا و ئەستۆپاکییان بۆ کردی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هەر دەبوایە پارەیەک بدەی، ئەوە نەریتە، کە دەردەچی، ئەگەر شتێکی گەورەت لەسەر بێ دەبێ بیدەی، بەڵام ئەگەر هیچت لەسەر نەبێ، ئەوە چەند فلسێکت دەدا.

**ڕامان:** گوتت ئیدی لە پۆلی سێ شارەزاتر بووی، لە چ ڕوویەکەوە شارەزاتر بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زانیم بە قەناعەتەوە ئەوەی مامۆستا پێمی دەڵێ، مەرج نییە هەمووی ڕاست بن، بەڵام لە پۆلی یەک و دوو ئەگەر مامۆستا بیگوتبا لەو سەربانەوە خۆت فڕێ بدە، دەمگوت هەقی خۆیەتی، مامۆستایە و هونەرمەندە و پێمی گوتووە و دەمکرد، دەمگوت دیارە لە من شارەزاترە، هەرچەندە وەک باسم کردووە پێشتریش دژی مامۆستا هەڵوێستم هەبوو.

**ڕامان:** ئیدی وردە وردە زانیت ئەوانە هەموویان مامۆستا و هونەرمەندی باش نین، مەرج نییە هەموو قسەکانیان بۆ تۆ باش بن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئیدی وام لێ هات شتم هەڵدەبژارد کە چی بەدڵمە و چی بەدڵم نییە، نەک هەرچی بیڵێن بیکەم، وەک بەبیرم بێ جارێک هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری (محو الأمیة) بوو، ئەوەمان پێ خۆش نەبوو، دەیانگوت زمانی عەرەبی بڵاو دەکەنەوە و مامۆستای عەرەب دێنن، ئەو قسەیە هەبوو، گوتیان دەبێ وێنەیەک لە بارەی (محو الأمیة)یەوە بکەی. من دەمگوت نایکەم. م. فەرەج عەبۆ هات، گوتی وەرە کوڕم، من خەڵکی مووسڵم، باوکم لەگەڵ کوردان کاری کردووە، من کوردم خۆش دەوێ، تۆشم زۆر خۆش دەوێ، خۆزگە بهاتبای لە مەرسەم کارت لەگەڵم کردبا، دوایی زۆر بووینە برادەر. دەیگوت حەز دەکەم بێیتەماڵەکەم و مەرسەمەکەم ببینی، ئەوجا گوتی شتێک بکە. گوتم ئاخر بە ئارەزووی خۆم دەیکەم. گوتی بە ئارەزووی خۆت بیکە، شتێکی بچووک بکە. چووم پارچە فایبەرێکم هێنا، بچووکتر لەوەی دیار بێ، لەوانەیە ٤٠ بە ٥٠ سم بێ.

**ڕامان:** دواجار بە نابەدڵی شتێکت کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر پێم ناخۆش بوو بە قسەی ئەوان ئیشەکە بکەم، دەنا ئەوەندە شتێکی خراپ نەبوو، هەموو کەس فێری خوێندەواری دەبوو، چووم سێ ژنی کوردم کرد

کە کتێبێکیان بە دەستەوەیە و لەناو داروبار دەڕۆن.

**ڕامان:** جلوبەرگی کوردییان لەبەر بوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، دواتـر چوومـە بـەش، گوتم ئوستاد ئەوە (محو الأمية)کە. گوتی تەواوە، ئیدی تابلۆکەم فـڕێ دا، ئـەوەش لەوانەیـە پۆلـی سێ بووبێ.

**ڕامـان:** لـە پۆلـی سێ پێوەندیت لەگـەڵ کچان چۆن بـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** پێوەندی نا، بەڵام نزیکبوونەوە هەبوو، کچ هەبوو لەگەڵـم جیددی بـوو، یەکێکیـان هـەر زۆر جیـددی بـوو، برایەکەشـی هێنـاو بـە یەکـی ناسـاندین، کاغـەزی بـۆم دەهێنـا، بـەڵام مـن نەدەجـووڵام و جیـددی نەبـووم، ژنیشـم نەدەهێنـا، دەمویسـت بێمـەوە هەولێـر، چونکـە دۆخەکـە بـەرەو خراپـی دەچـوو، ناخـۆش بـوو، وەرە و بـڕۆ و ئـاگات لـە خـۆ بـێ، زۆر قسـە دەکرا، هـاوڕێ کوردەکانیـش کـەم و زۆر یەکدیمـان دەدی.

**ڕامـان:** لـەو کاتـەدا لەنـاو ئـەو هاوڕێیانەتـدا زۆرتـر کێـت دەدی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەوانـەی دەهاتنـە چایخانەی پەرلەمـان، یـان عەلـی نەسـیم، تـا پەیمانگەیـان تـەواو کـرد دەمبینیـن، ئەوانـەی ئەکادیمیـاش بـەردەوام یەکترمـان دەدی. قەرەنـی جەمیـل تـا دەرچـوو، لـە چـوار بـۆ پێنـج تـا تـەواو بـوو، لـەوێ دەمـدی، چونکـە ئـەو زووتـر لـە پەیمانگـە تـەواو بـوو، زۆر لەوانـی تریـش تـەواو بـوون.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە هونەرمەنـد قەرەنـی جەمیـل لـە قوتابییـەکان کێـی دیکـەت دەبینـی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** شـێرکۆ جـەلال تـا لـەوێ مابـوو دەمـدی، سـەرووەت ئەنـوەر سـەوز، ڕەمـزی قوتبەددیـن، حەمەجـەزا فەریـق بـوون، هەموویـان لـە ڕەسـم نەبـوون، هەندێکیـان لـە بەشـی گرافیـک بـوون، کوڕێکـی دیکـە لـە پەیمانگـە بـوو نـاوی بەختیـارە سـوور بـوو، هەندێـک لەوانـە لـە مـن بچووکتـر بـوون، لـە پەیمانگـە بـوون، پێوەنـدی لـە نێوانمـان دروسـت دەبـوو، چونکـە دەهاتـن بـۆ چایخانـەی پەرلەمـان هێڵکاریمـان دەکـرد، هەندێـک جاریـش دەچوومـە چایخانـەی عەلـی نەسـیم، لـەوێ زۆر ڕەسـم دەکـرد.

**ڕامان:** پێ دەچێ عەلی نەسیم فەیلی بێ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لەوانەیـە، مـن خاوەنەکەیـم نـەدی، ئـەوە نـاوی چایخانەکە بوو، هـی خۆشمان دەهاتنـە ئـەوێ، چونکـە لـە هۆتێـل سامان نزیـک بـوو، ئـەوەی کوردبـوو دەچـووە ئـەوێ. لـە بـارەی ڕووداوەکانـەوە پرسـیارت کـرد، جارێـک یەکێـک کـە لـە چایخانەکـە دانیشـتبوو لێـم تـووڕە بـوو، گوتـی بـۆ زۆر تەماشـام دەکـەی! ئـەوە لە چایخانـەی عەلی نەسـیم بـوو، دوایـی کـە بینـی هـەر هێڵکارییـە و هیـچ نییـە، ئیـدی قسـەی نەکـرد.